زنجیرەی بەرهەمە نوسراوەکان -22-

قەدەغەکراوەکان

لە ناو فەرموودە صەحیحەکاندا

منتدى إقرأ الثقافي

www.iqra.ahlamontada.com

نووسینی

محەمەد ئیلاهی غەزنەوی

لتحميل انواع الكتب راجع: (مُنتَدى إقرَا الثَقافِي)

براي دانلود كتابهاى مختلف مراجعه: (منتدى اقرا الثقافى)

بۆدابەزاندنى جۆرەها كتێب:سەردانى: (مُنتَدى إقرَا الثَقافِي)

www. Iqra.ahlamontada.com

للكتب (كوردى , عربي , فارسي)

قەدەغەکراوەکان

لەناوفەرمووەصەحیحەکانا

پێناسی کتێب

❁ناوی کتێب: قەدەفەکراوەکان لەناو فەرموودە صەحیحەکاندا

❁ نوسەر: محمد مەلا فایەق شارەزووی

❁ ژمارەی لاپەڕە: ٩٤

❁ نۆبەی چاپ: یەکەم

❁ ساڵی چاپ: ٢٠٢٣ز-١٤٤٥ك

❁ تیراژ: ١٠٠٠

لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان

ژمارەی(١٠٢٦) ی ساڵی (٢٠٢٣) پێ دراوە

بۆ دەستکەوتنی ئەم بەرهەمە بە کۆ،

پەیوەندی بکە بەم ژمارە مۆبایلەوە:

٠٧٧٠١٥٥٤٠٨٥

ڤەرەغەکراوەکان

لەناوەڕۆکەوە صەحیحەکانن

نووسینی

محەمەد مەلا ئاکۆی شارەزووری

بۆ خوێندکارانی ئەزهەر

ئامادەی محەمەد

چاپی یەکەم


بسم الله الرحمن الرحيم

پێشەکی

إِنَّ الْحَمْدَ للَّه نَحْمَدُهُ وَنَسْتَعِينُهُ وَنَسْتَغْفِرُهُ وَنَسْتَهْدِيه، مَنْ يَهْد اللَّهُ فَلَا مُضِلَّ لَهُ، وَمَنْ يُضْلِلْ فَلَا هَادِيَ لَهُ، وَنَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ، وَنَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ.

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِۦ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسْلِمُونَ ﴾ (آل عمران: ١٠٢).

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُواْ رَبَّكُمُ ٱلَّذِى خَلَقَكُم مِّن نَّفْسٍ وَٰحِدَةٍ وَخَلَقَ مِنْهَا زَوْجَهَا وَبَثَّ مِنْهُمَا رِجَالًا كَثِيرًا وَنِسَآءً ۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ٱلَّذِى تَسَآءَلُونَ بِهِۦ وَٱلْأَرْحَامَ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَيْكُمْ رَقِيبًا ﴾ (النساء /١).

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَقُولُواْ قَوْلًا سَدِيدًا ﴿٧٠﴾ يُصْلِحْ لَكُمْ أَعْمَٰلَكُمْ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ ۗ وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَقَدْ فَازَ فَوْزًا عَظِيمًا ﴾ (الأحزاب: ٧٠ـ٧١).

أمّا بعد فإنَّ أصدَقَ الحديث كتابَ الله وَ خَير الهَدي هَديُ محمد ﷺ وَ شَرَّ الأمور مُحدَثاتُها، وكُلَّ مُحدَثةٍ بِدعة، وَ كُلَّ بِدعةٍ ضَلالة وَ كُلَّ ضَلالةٍ في النّار[1].

(١) هذه خطبة الحاجة التي كان الرسول ﷺ يفتح بها خطبة ويعلمها اصحابه وروي هذه الخطبة ستة من الصحابة ﷺ وقد أخرجها جمع من الأئمة في مصنفاتهم، مثل: الامام أحمد في (المسند) (٢٧٢/٥)، ومسلم في (الصحيح): (٥٩٢،٤٦٧/٢)، وفي (١٥٧/٦،١٥٦،١٣٥) (بشرح النووي)، وابوداود في (السنن) (٢٨٧/١) رقم (١٠٩٧)، والنسائي في (المجتبى) (١٠٤،١٠٥/٣) و (١٨٨/٣)، وابن ماجة في (السنن) (١٨٩٢)، والحاكم في (المستدرك): (١٨٢،١٨٢/٢)، والطياليسي في

پاشان

لە ڕاستیدا گرنگیدان بە پەیامی یەکتاپەرستی و بیروباوەر لەسەر ڕاستە ڕێگای قورئان و سوننەت لە گرنگترین یاساکانن و لە هەمووشیان پێویستترن.

خوای گەورە پێغەمبەری ﷺ ناردوە بۆ هەموو خەڵکی سەر زەوی کە ببێتە پێشەواو سەرمەشق بۆیان.

بێگومان خوێندن و زانینی ئەوانەی پێغەمبەری ئازیز ﷺ قەدەغەی کردوون دەتوانرێت بوترێت یەکێکە لەو بابەتە گرنگانەی کە پێویستە موسوڵمانان بیزانن. چونکە خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَمَآ ءَاتَىٰكُمُ ٱلرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَىٰكُمْ عَنْهُ فَٱنتَهُوا۟ ۚ وَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ ۖ إِنَّ ٱللَّهَ شَدِيدُ ٱلْعِقَابِ﴾ (الحشر: ٧). واتە: ئەوەی پێغەمبەرەکەتان فەرمای پێکردن بیکەن و ئەوەی قەدەغەی کرد لێتان ئێوەش لێ دوور کەونەوە، لەخودا بترسن بێگومان سزای خودا زۆر بەهێزە بۆ ئەوانەی سەرپێچی فەرمانەکانی دەکەن.

وە ئەم بابەتە پێشکەشە بە هەموو موسوڵمانێك کە دەیەوێت

(المسند) رقم (٣٣٨)، والبيهقي في (السنن الكبري): (١٤٦/٧) و (٢١٤/٣)، وصححه الشيخ الألباني في (صحيح سنن ابن ماجة) (١٥٣٥)، وفي (صحيح النسائي) (١٣٣١)، وفي (المشكاة) (٣١٤٩)، وفي (الكلم الطيب) (٢٠٥)، وانظرها بتوسع في: (خطبة الحاجة) (ص:١٩،١٤).

راستیەکان بزانێت، تەواو خۆی دوور بگرێت لەسەرجەم ئەو کارانەی کە پێغەمبەرەکەمان قەدەغەی کردووە.

وە پێشکەشە بەهەموو ئەو گەنج و لاوانەی کە تینوی فەرموودە پیرۆزەکانی پێغەمبەری ئازیزن ﷺ(٢).

هیوادارم ناسینی ئەم قەدەغەکراوانە لە ناخی خۆماندا کۆبکەینەوەو جێبەجێی بکەین لە هەڵسوکەوتی رۆژانەماندا.

لە کۆتایدا هیوادارم ببێتە مایەی رەزامەندی پەروەردگار لە دونیاو لە قیامەتتداو،وە داواکارم لە خوای گەورە لە کەموکوڕی و هەڵەکانم ببوورێت.

وصلى الله على نبينا محمد وعلى آله وصحبه وسلم

م. محمد ملافایق شارەزووری

(٢) سەرجەم فەرموودەکان سەرچاوەکەیان (صحیح) چەند فەرموودەیکی کەم نەبێت کە (حسن) کە ئاماژەمان پێکردووە، هیچ فەرموودەیەکی لاواز یان موضوع لە فەرموودەکاندا نیە سوپاس بۆ خوا.

نەهی کراوەکان لە خواردن و خواردنەوە و میواندارێدا

١- خواردن و خواردنەوە لەدەفری ئاڵتون و زیودا:

ئەنەس ﷺ دەفەرموێت: ((نَهَى عَنِ الأَكْلِ وَالشُّرْبِ فِي إِنَاءِ الذَّهَبِ وَالْفِضَّةِ))[٣]. واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ نەهی کردووە لەخواردن و خواردنەوە لەدەفەری ئاڵتون وزیودا.

٢- خواردنەوە لە دەفرێکدا کەوا درزی تێدا بێت:

ئەبو سەعیدی خودری ﷺ دەفەرموێت: ((نَهَى رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ عَنِ الشُّرْبِ مِنْ ثُلْمَةِ الْقَدَحِ))[٤]. واتە: (پێغەمبەری خوا ﷺ نەهی کردووە لە خواردنەوە لە جێی شکاو و درزی دەفردا)، ئەمەش بەهۆی ئەوەی کە ناوچە شکاویەکە دەبێتە شوێنی کۆبوونەوەی پیسی و چڵک و دەبێتە هۆکاری بڵاوبوونەوەی نەخۆشی.

٣- هەناسەدان و فوکردن لەناو قاپی ئاوخواردنەوە:

پێغەمبەری ئازیز ﷺ دەفەرموێت (أَنَّ النَّبِيَّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ نَهَى

---

(٣) أخرجه: النسائي في (السنن الكبرى) (٦٦٣٢)، والضياء في (المختارة) (١٥٥٠)، وصححه الألباني في (صحيح الجامع) (٦٨٦٦).

(٤) أخرجه: أحمد (١١٧٦٠) وقال محققوه: حديث حسن، رجاله ثقات، وصححه الشيخ الألباني في (صحيح أبي داود) (٣٧٢٢).

أَنْ يُتَنَفَّسَ فِي الْإِنَاءِ، أَوْ يُنْفَخَ فِيهِ)[٥]. واتە: (پێغەمبەری خوا ﷺ نەهی کردووە لەکاتێ خواردنەوە هەناسە بدرێت نەباد بچێتە بۆری هەواو یان خودا نەکردووە لەوەی فو بکرێت لەخواردن وخواردنەوە).

٤- سواربوون و خواردنی گۆشتی ئەو ئاژەڵانەی کەوا شتی پیس دەخۆن:

عەمری کوڕی شوعەیب لەباوکیەوە ئەویش لە باپیرییەوە ﷺ دەفەرموێت: ((نَهَى رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: يَوْمَ خَيْبَرَ عَنِ الجَلَّالَةِ، عَنْ رُكُوبِهَا وَأَكْلِ لَحْمِهَا))[٦]. واتە: (پێغەمبەری خوا ﷺ لە جەنگی خەیبەردا نەهی کرد لە سواربوون و خواردنی گۆشتی ئەو ئاژەڵانەی کە شتی پیسیان خواردوە). واتە: هەتا پاك دەبێتەوە.

٥- خواردنی خورما و میوە دوو دوو:

پێغەمبەری خوا ﷺ نەهی کردووە لە خواردنی خورما و میوە دوو دوو، کۆمەڵێک برسیەتیان بۆ هاتبوو، ئیبن زوبەیریش خورمای پێدابوون، ئەوانیش خورماکەیان خواردبوو دوو دوو، ئیبن عومەر ﷺ بەلای کۆمەڵەکەدا تێپەڕی بوو کە دوو دوو خورمایان دەخوارد، فەرمووی:

(٥) أخرجه: أحمد (١٩٠٧) وقال محققوه: إسناده صحيح، والحميدي (٥٢٥)، وابن أبي شيبة (المصنف) (٢٠٧٤١)، والدارمي (٢١٣٤)، وأبو داود (٣٧٢٨)، وابن ماجه (٣٤٢٩)، والترمذي (١٨٨٨)، وأبو يعلى (٢٤٠٢)، والبيهقي في(السنن) (٢٨٤/٧)، وفي (الشعب)(٦٠٠٤)، وصححه الشيخ الألباني في (الإرواء) (٢٠٣٧)، و(صحيح الجامع) (٦٨٢٠)،و (مشكاة المصابيح) (٤٢٧٧).

(٦) أخرجه: أبي داود (٣٨١١) وقال الشيخ الألباني: حديث حسن صحيح.

((لَا تُقَارِنُوا فَإِنَّ رَسُولَ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ نَهَى عَنِ الْقِرَانِ، إِلَّا أَنْ يَسْتَأْذِنَ الرَّجُلُ أَخَاهُ))[٧]. واتە: (جوت جوت مەخۆن، لەبەر ئەوەی پێغەمبەری خوا ﷺ نەهی کردوە لە خواردنی میوە جوت جوت، مەگەر تەنها براکەی ڕێگەی بدات).

٦- زۆرلەخۆکردن بۆ خزمەتی میوان:

واتە خاوەن ماڵ میوانداری و خواردنێك ساز بکات کەوا لە سەروی توانای کەسەکە بێت بۆ خزمەتی میوان، ئەعمەش لە شەقیقەوە ڕضي الله عنه دەگێڕێتەوە دەفەرموێت: من و هاوەڵێکم چووین بۆ ماڵی سەلمان ڕضي الله عنه، نان و خوێی بۆ داناین، فەرمووی: ((لَوْلَا أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: نَهَانَا عَنِ التَّكَلُّفِ لِلضَّيْفِ لَتَكَلَّفْتُ لَكُمْ))[٨]. واتە: (ئەگەر لەلایەن پێغەمبەری خواوە ﷺ نەهیمان لێ نەکرابا لە زیادەڕەوی کردن لە خزمەت کردنتان، ئەوا خزمەتی زۆرمان دەکردن).

کەواتە کاتێک کەسێک بەمیوانی دێت بۆ ماڵی هەر کەسێکمان زیادەڕوی نەکەین لە خزمەتکردنی بەڵکو ئەوەی کە لەماڵ و توانامان هەبوو ئەوا پێشکەشی بکەین لەگوێرەی توانامان.

(٧) أخرجه: البخاري (٦٤٤٥)، ومسلم (٢٠٤٥).

(٨) أخرجه: الطبراني في (المعجم الأوسط) (٥٩٣٥)، وصححه الشيخ الألباني في (صحيح الجامع الصغير) (٦٨٧١).

٧- نان خواردن بە پالّکەوتنەوە ـ یاخود لەسەر دەم کەوتن:

عبد اللەی کوڕی عومەر ﷺ دەفەرموێت: ((نَهَى رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ عَنْ مَطْعَمَيْنِ: الْجُلُوسِ عَلَى مَائِدَةٍ يُشْرَبُ عَلَيْهَا الْخَمْرُ وَأَنْ يَأْكُلَ الرَّجُلُ وَهُوَ مُنْبَطِحٌ عَلَى بَطْنِهِ))[٩]. واتە: (پێغەمبەری خوا ﷺ نەهی کردووە لە دوو خواردن، یەکەمیان دانیشتن لەسەر سفرەیەک کەوا مەشرووبی لێ دەخورێتەوە، هەروەها نەهی کردووە لەوەی مرۆڤ لەسەر دەم پالّکەوتبێت و نان بخوات).

٨- خواردنی گۆشتی ئاژەڵی کەڵبەدار:

ئبین عەبباس ﷺ دەفەرموێت: ((أَنَّ رَسُولَ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ نَهَى عَنْ كُلِّ ذِي نَابٍ مِنَ السِّبَاعِ))[١٠]. واتە: (پێغەمبەری خوا ﷺ نەهی کردووە لە خواردنی گۆشتی ئاژەڵی کەڵبەدار).

٩- نان خواردن بە دەستی چەپ:

پێغەمبەری خوا ﷺ نەهی کردووە لە نان خواردن بە دەستی چەپ، چونکە شەیتان بە دەستی چەپ دەخوات، جابری کوڕی عبد اللە ﷺ دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: ((لَا تَأْكُلُوا بِالشِّمَالِ، فَإِنَّ الشَّيْطَانَ يَأْكُلُ بِالشِّمَالِ))[١١]. واتە: (بەدەستی چەپ مەخۆن، چونکە شەیتان بەدەستی چەپ دەخوات).

---

(٩) أخرجه: أبي داود (٣٧٧٤)، وحسنه الشيخ الألباني في (صحيح الجامع الصغير) (٦٨٧٤).

(١٠) أخرجه: مسلم (١٩٣٤).

(١١) أخرجه: مسلم (٢٠١٩).

١٠- خوداردنی پیازوسیری مالّی و کێوی:

ئەبوسەعیدی خودری ﷺ دەفەرموێت: ((أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ صلى الله عليه وسلم « نَهَى عَنْ أَكْلِ الْبَصَلِ وَالْكُرَّاثِ وَالثُّومِ))[١٢]. واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ نەهی کردووە لەخواردنی پیازی سەلك وپیازی تەڕو سیری کێوی ومالّی. واتە لەپێناوی ئازار نەدانی خەڵکی بەبۆنەکەی. بەتایبەت بۆ مزگەوت.

چونکە لەفەرموودەیەکی تردا کە جابری کوڕی عبد الله ﷺ دەگێڕیتەوە لە پێغەمبەری خوا ﷺ کەفەرموویەتی: ((مَنْ أَكَلَ ثُومًا أَوْ بَصَلاً، فَلْيَعْتَزِلْنَا - أَوْ قَالَ: فَلْيَعْتَزِلْ مَسْجِدَنَا - وَلْيَقْعُدْ فِي بَيْتِهِ))[١٣]. واتە: (هەر کەسێک سیر یان پیازی خواردە، با لێمان دوور بکەوێتەوە، یان فەرمووی: با لە مزگەوتمان دوور بکەوێتەوە، وە با لەماڵەکەی خۆی دابنیشێت).

وەلەڕیوایەتەکەی ئیمامی موسلیماندا بەم شێوەیە هاتووە: ((مَنْ أَكَلَ الْبَصَلَ وَالثُّومَ وَالْكُرَّاثَ، فَلاَ يَقْرَبَنَّ مَسْجِدَنَا. فَإِنَّ الْمَلاَئِكَةَ تَتَأَذَّى مِمَّا يَتَأَذَّى مِنْهُ بَنُو آدم»))[١٤]. واتە: هەر کەسێك پیازی سەلك وپیازی تەڕو سیری کێوی خواردئەوە با نزیکی مزگەوتمان نەکەوێتەوە (واتە:

(١٢) أخرجه: ابن جعد (٣٣٢٨)، وصححه الشيخ الألباني في (الصحيحة) (٢٣٥٩)، و(صحيح الجامع) (٦٨٥٣).

(١٣) أخرجه: البخاري (٨٥٥).

(١٤) أخرجه: مسلم (٥٦٤).

نەیەت بۆ نوێژی جەماعەت) چونکە فریشتەکان بۆنی پیازو سیریان پێ ناخۆشە، هەر وەك چۆن مرۆڤەکان پێیان ناخۆشە. ئەمە ئەوە ناگەیەنێت مرۆڤ هەر پیاز نەخوات یان سیر یان ئەوەتا حەرام بێت بەڵکو دەتوانی بیخۆیت دوای ئەوەی نوێژە جەماعەتەکەت کرد، یان بە دەرمان دەمت بشۆیت پێش ئەوەی بچیت بۆ نوێژی جەماعەت.

١١- ئامادەکردنی خواردن بۆ فیزو ڕوپامایی:

عەبدوڵڵای کوڕی عەباس ﷺ دەفەرموێت: ((نَهَى عَنْ طَعَامِ الْمُتَبَارِيَيْنِ أَنْ يُؤْكَلَ))[١٥] پ. واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ نەهی کردووە لە خواردنی نانی دوو کەس کەبۆ فیز و ڕووپامایی سازیان کردووە.

١٢- خواردنە و خواردنەوەی سەرخۆشکەر و بێ خۆشکەر:

ئومەسەلەمە ﷺ دەفەرموێت: ((نَهَى عَنْ كُلِّ مُسْكِرٍ))[١٦]. واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ نەهی کردووە لەبەرکارهێنانی هەموو سەرخۆشکەر وبێ هۆشکەر.

---

(١٥) أخرجه: أبي داود (٣٧٥٤) وقال محققه الشيخ الأرناؤوط: إسناده صحيح، الحاكم (٧١٧٠)، البيهقي (١٤٩٩٣)، والضياء في (الأحاديث المختارة) (٤٠١)، وصححه الشيخ الألباني (صحيح الترغيب و الترهيب) (٢١٥٨)، و(الصحيحة)(٦٢٧)، (صحيح الجامع) (٦٩٩٥).

(١٦) أخرجه: أحمد (٦/٣٠٩)، و أبوداود (٣٦٨٦)، وصححه الشيخ الألباني في (صحيح الجامع) (٦٩٧٧).

١٣-خواردن و خواردنەوە لەسەر سفرەیەک عەرەق و مەیی لەسەر بخوریّتەوە:

عەبدوڵڵای کوڕی عومەر خوای گەورە لەخۆی و باوکی ڕازی بێت دەفەرموێت: ((أَنَّ النَبي صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ عَنْ الجلوسِ على مائدةٍ يُشْرَبُ عليها الخمرُ))[١٧]. واتە: (پێغەمبەری خوا ﷺ نەهی کردووە لەدانیشتن لەسەر سفرەیەک کەوا مەشرووبی لێ بخوریّتەوە) واتە ئەو کارە قەدەغەیە.

١٤- ئاو خواردنەوە پێوە:

ئاو خواردنەوە بەپێوە یەکێکی تر لەو کارانەی کەوا پێغەمبەری خوا ﷺ نەهی لێکردووە، ئەبو سەعیدی خودری ﷺ دەفەرموێت: ((أَنَّ رَسُولَ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ نَهَى عَنِ الشُّرْبِ قَائِمًا))[١٨] واتە: (پێغەمبەری خوا ﷺ نەهی کردووە لە خواردنەوە بەپێوە)، لە فەرموودەیەکی ئەبو هورەیرە ﷺ بۆمان دەگێڕێتەوە کەوا پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: ((لَا يَشْرَبَنَّ أَحَدٌ مِنْكُمْ قَائِمًا، فَمَنْ نَسِيَ فَلْيَسْتَقِئْ))[١٩]. واتە: (هیچ

---

(١٧) أخرجه: أبو داود (٣٧٧٤) واللفظ له، وابن ماجه (٣٣٧٠) مختصراً، وحسنه الشيخ الألباني في (صحيح الجامع الصغير) (٦٨٧٤).

(١٨) أخرجه: مسلم (٢٠٢٥) وابن الجارود (٩٣٣)، والبيهقي (السنن الكبير) (١٤٧٥٦) وأبو يعلى (المسند) (٩٨٨) ، وابن أبي شيبة (المصنف) (٢٤٥٩٩)، والطبراني (الكبير) (٥٤٤١).

(١٩) أخرجه: مسلم (٢٠٢٦)، وابن حبان (٤٢٣٥)، والبيهقي (السنن الكبير) (١٩٥٧٤)، والبزار (المسند) (٥٠٥٨) ، وعبد الرزاق (المصنف) (٨٨٥٩١).

یەکێک لەئێوە با بەپێوە ئاو نەخواتەوە، هەر کەسێک بیری چوو ئەوا باخۆی بڕشێنێتەوە).

١٥- ئاو خواردنەوە لە دەمی کوندە:

ئەبو هوڕەیرە ﷺ دەفەرموێت: ((نَهَى النَّبِيُّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ أَنْ يُشْرَبَ مِنْ فِي السِّقَاءِ))[٢٠]. واتە: (پێغەمبەری خوا ﷺ نەهی کردووە کەوا ئاو لە دەمی کوندەوە و مەشکە بخورێتەوە) یاخود دەتوانینن بۆ ئەمرۆ بڵێین لە دەولکە وسوراحی.

١٦- قەدەغەکردنی ئاوی زیادەی بیر لەخەڵکی:

دایکی بڕواداران عائیشە ﷺ دەفەرموێت: ((نَهَى رَسُولُ اللَّهِ صلى الله عليه وسلم أَنْ يُمْنَعَ نَقْعُ الْبِئْرِ))[٢١]. واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ نەهی کردووە لەقەدەغەکردنی ئاوی زیادەیی بیر لەخەڵکی. واتە پێویستت بەئاو نەبوو بیدە بەوانەی کە پێویستیان پێیەتی.

---

(٢٠) أخرجه: البخاري (٥٦٢٨).

(٢١) أخرجه: أحمد (٢٥٠٨٧)، وابن أبي شيبة (٢٠٩٥١)، والبيهقي (السنن الصغير) (٢٢٠٧)، وصححه الشيخ الألباني في (الصحيحة) (٢٣٨٨)، و(صحيح الجامع) (٦٨٤٦).

نەهی کراوەکانی سەرئاو
(قضاء الحاجة)

١. میزکردن لە ناو ئاوی وەستاو:

جابری کوڕی عبد الله ﷺ دەگەڕێتەوە: ((عَنْ رَسُولِ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ أَنَّهُ نَهَى أَنْ يُبَالَ فِي الْمَاءِ الرَّاكِدِ))[٢٢]. واتە: (پێغەمبەری خوا ﷺ قەدەغەی کردووە کە میز بکرێتە ناو ئاوی وەستاوەوە).

٢. قژداهێنان هەموو ڕۆژێك وەمیزکردن لە جێگەی خۆشۆردن:

پێویستە مرۆڤ گرنگی بدات بەخۆی بەڵام زیاد لەپێویست نەبێت، یەکێش لەو بوارانە گرانگی دانە بە جوانکاری سەروقژ، ئەبوهورەیرە ﷺ دەفەرموێت: ((نهى رسولُ اللهِ أنْ يَمْتَشِطَ أحدُنا كلَّ يَوْمٍ، أوْ يَبُولَ في مُغْتَسَلِه))[٢٣]. واتە: پێغەمبەری خودا نەهی کردووە لەوەی هەر یەکێکمان هەموو ڕۆژێك قژدا بهێنێت، وەنەهی کردووە لەوەی میز بکرێت لەحەمام یاخودا شوێنی خۆشۆردن.

٣. بەدەستی ڕاست خۆپاککردنەوە لە سەرئاو:

پێغەمبەری خوا ﷺ نەهی کردووە بەدەستی ڕاست خۆمان پاك بکەینەوە لە سەرئاو، لە فەرموودەیەکدا ئەبو قەتادە ﷺ لە باوکیەوە

(٢٢) أخرجه: مسلم (٢٨١).

(٢٣) أخرجه: أبو داود (٢٨)، وصححه الشيخ الألباني في (صحيح الترغيب) (١٥٤)، و (صحيح النسائي) (٢٣٨).

گێڕاوەیەتیەوە دەفەرموێت: ((أَنَّ النَّبِيَّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ نَهَى أَنْ يَمَسَّ الرَّجُلُ ذَكَرَهُ بِيَمِينِهِ))[٢٤]. واتە: (پێغەمبەری خوا ﷺ نەهی کردووە کەوا مرۆڤ بەدەستی ڕاستی دەست لەعەورەتی بدات)، وە زانایان دەفەرموون مەبەست پێی خۆپاککردنەوەیە لە سەرئاو بە دەستی ڕاست، کەواتە خۆپاککردنەوە لە سەرئاو بەدەستی ڕاست دروست نییە.

٤. خۆ پاکردنەوەی لەدوای سەرئاوکردن بە (ئێسک و پاشەڕۆی گیانەوەر، و خەڵوز):

یەکێکی تر لەو کارانەی کەوا پێغەمبەری خوا ﷺ نەهی کردووە لەبەکارهێنانی سێ جۆر شت بۆ خۆپاککردنەوە، عبد اللەی کوڕی حارثی ﷺ دەفەرموێت: (نَهَى رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ أَنْ يَسْتَنْجِيَ أَحَدٌ بِعَظْمٍ أَوْ رَوْثَةٍ أَوْ حُمَمَةٍ)[٢٥]. واتە: (پێغەمبەری خوا ﷺ نەهی کردووە لە بەکارهێنانی ئێسک و پاشەڕۆی ئاژەڵ و خەڵوز بۆ خۆ پاککردنەوە)، واتە نەهی کراوە لەدوای سەرئاو کردن ئەگەر ئاوت دەستنەکەوت و لانەبوو بە (ئێسک و پاشەڕۆی ئاژەڵ و خەڵوز) خۆت پاک بکەیتەوە.

هەروەها لە فەرمودەیەکی جابر دەفەرموێت: (أَنَّ رَسُولَ اللهِ صَلَّى اللهُ

(٢٤) أخرجه: الترمذي (١٥)، وصححه الألباني في (صحيح الجامع الصغير) (٦٨٤٤).
(٢٥) أخرجه: البزار (٣٧٨٣) وصححه الشيخ الألباني في (صحيح الجامع) (٦٨٢٦) و (صحيح أبي داود) (٢٩).

عَلَيْهِ وَسَلَّمَ نَهَى أَنْ يُسْتَنْجَى بِبَعْرَةٍ، أَوْ بِعَظْمٍ)[٢٦]. واتە:(پێغەمبەری خوا ﷺ نەهی کردوە لە بەکارهێنانی تەپاڵە و پشقل و ئێسقان بۆ خۆپاککردنەوە لەکاتی چونە سەر ئاو).

٥. پێکەنین بەو کەسانەی کەوا بایان لێ دەردەچێت:

جابر ڕەزای خوای گەورەی لێ بێت دەفەرموێت: ((نَهَى رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، عَنِ الضَّحِكِ مِنَ الضَّرْطَةِ))[٢٧]. واتە: (پێغەمبەری خوا ﷺ نەهی کردووە لە پێکەنین بە کەسێک کەوا بای لێ دەردەچێت).



(٢٦) أخرجه: أحمد (١٤٦١٣) وقال محققوه: حديث صحيح، وصححه الشيخ الألباني في (صحيح الجامع) (٦٨٢٧).

(٢٧) أخرجه: الطبراني في (المعجم الأوسط) (٩٤٣٣)، و صححه الألباني في (صحيح الجامع) (٦٨٩٦).

نەهی کراوەکانی نوێژ و دەست نوێژ

١. نوێژکردن بەجلی ژێرەوە (شۆرت، بیجامە):

مەبەست پێی بیجامەیە یان جلی نوستن یان فانیلە، وەک لە فەرموودەیەک دا بورەیدە ﷺ دەفەرموێت: (نَهَى رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ أَنْ يُصَلِّيَ الرَّجُلُ فِي سَرَاوِيلَ وَلَيْسَ عَلَيْهِ رِدَاءٌ)[٢٨]. واتە: (پێغەمبەری خوا ﷺ نەهی کردووە لەوەی کە پیاو بەتەنها بەجلی ژێرەوە ـ بیجامە، شۆرت ـ نوێژ بکەن)، هەروەها کاتێك ئەچێت بۆ مزگەوت پێویستە جلێکی جوان لەبەربکات زۆر بە شەرمەوە بەرامبەر پەروەردگار بوەستێت، وە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿خُذُوا۟ زِينَتَكُمْ عِندَ كُلِّ مَسْجِدٍ﴾ (الأعراف:٣١)، واتە:(کەچون بۆ مزگەوت خۆتان برازێننەوە).

٢. قژبەستن بۆ پیاوان لە نوێژدا:

پێغەمبەری ئازیز ﷺ نەهی کردووە لەو پیاوانەی کە قژیان درێژەوە لە نوێژدا دەیبەستن، ئومە سەلەمە ﷺ دەفەرموێت: (نَهَى النَّبِيُّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ أَنْ يُصَلِّيَ الرَّجُلُ وَرَأْسُهُ مَعْقُوصٌ)[٢٩]. واتە: (پێغەمبەری خوا ﷺ نەهی کردووە لەو پیاوانەی کەوا قژیان درێژە، قژیان ببەستن لە نوێژدا).

---

(٢٨) أخرجه: أبو داود (٦٣٦)، والحاكم (٩١٤)، والبيهقي (٣٤٠٢) باختلاف يسير. وحسنه الألباني في (صحيح الجامع) (٦٨٣٠)، و (صحيح أبي داود) (٦٤٦).

(٢٩) أخرجه: أحمد (٢٣٨٥٦) وقال محققوه: صحيح لغيره، وصححه الشيخ الألباني في (صحيح الجامع الصغير) (٦٨٣١).

خەریمی کوری فاتکی ئەسەدی کە هاوەڵێکی پێغەمبەر ﷺ بووە قژی زۆر درێژبوو و شەروالّەکەشی درێژ بوو، چوو قژی کورت کردەوەو شەروالّەکەشی کورت کردەوە پێغەمبەری ئازیز ﷺ فەرموی ئێستا زۆر چاکە، پاشان پێغەمبەری خوا ﷺ پێی فەرموو:((إِيَّاكَ وَإِسْبَالَ الْإِزَارِ، فَإِنَّهَا مِنَ الْمَخِيلَةِ، وَإِنَّ اللَّهَ لَا يُحِبُّ الْمَخِيلَةَ))[٣٠]. واتە:(خۆت دوورگرە لەشەروالّ درێژکردن چونکە ئەوە نیشانەی خۆبەزلزانینە وە خوای گەورە خۆبەزل زانی خۆش ناوێت).

٣. نوێژکردن لەحالّەتی تەنگاوی:

ئەبو ئومامە ﷺ هاتوو و دەفەرموێت: ((أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ نَهَى أَنْ يُصَلِّيَ الرَّجُلُ وَهُوَ حَاقِنٌ))[٣١]. واتە: (پێغەمبەری خوا ﷺ نەهی کردووە لەکەسێک نوێژ بکات لەکاتێکدا کە تەنگاوە).

لە فەرموودەیەکی تردا دایکمان عائیشە ﷺ بۆمان دەگێڕێتەوە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: ((لَا صَلَاةَ بِحَضْرَةِ الطَّعَامِ، وَلَا هُوَ يُدَافِعُهُ الْأَخْبَثَانِ))[٣٢]. واتە: (نوێژ ناکرێت لە کاتی ئامادەبونی خواردن،وە لە کاتێکیشدا تەنگاو بن).

---

(٣٠) أخرجه: أبو داود (٤٠٨٤)، وصححه الشيخ الألباني في (سلسلة الأحاديث الصحيحة) (١١٠٩).

(٣١) أخرجه: ابن ماجه (٦١٧)، وصححه الشيخ الألباني في (صحيح الجامع) (٦٨٣٢).

(٣٢) أخرجه: مسلم (٥٦٠).

٤. نوێژکردن لەدوای مرۆڤێکی لەشگران یان خەواڵو:

پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: ((لَا تُصَلُّوا خَلْفَ النَّائِمِ وَلَا الْمُتَحَدِّثِينَ))[٣٣]. واتە: (نوێژ مەکەن لەدوای مرۆڤی خەواڵو یان لەشگران).

٥. دەست دانان لەسەرکەلەکە لەناو نوێژدا:

ئەبو هورەیرە ﷺ دەفەرموێت: ((نَهَى رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ عَنِ الِاخْتِصَارِ فِي الصَّلَاةِ))[٣٤]. واتە: (پێغەمبەری خوا ﷺ نەهی کردووە دەست لەسەر کەلەکەت دابنێی لە ناو نوێژدا).

٦. داپۆشینی دەم لەکاتی نوێژ:

ئەبو هورەیرە ﷺ دەفەرموێت: ((أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ نَهَى عَنِ السَّدْلِ فِي[٣٥]. الصَّلَاةِ، وَأَنْ يُغَطِّيَ الرَّجُلُ فَاهُ))[٣٦]. واتە: (پێغەمبەری خوا ﷺ نەهی کردووە لە پۆشاکێک کە بەسەر شاندا بدرێت قۆڵەکانی نەخرێتە ناو لە نوێژدا، هەروەها داپۆشینی دەم لەناو نوێژدا)،

---

(٣٣) أخرجه: أبي داود (٦٩٤)، وحسنه الشيخ الألباني في (صحيح الجامع الصغير) (٧٣٤٩).

(٣٤) أخرجه: أحمد (٧١٧٥) وقال محققوه: إسناده صحيح على شرط مسلم، وصححه الشيخ الألباني في (صحيح الجامع الصغير) (٦٨٦١).

(٣٥) السدل: جۆرە پۆشاکێکە لەسەر شاندا دەدرێت و دەستەکان ناخرێتە ناو قۆڵەکانیەوە، یاخود لەسەر سەرەوە درێژ دەبێتەوە بۆ خوارەوە و دەستەکان ناخرێتە ناو قۆڵەکانەوە.

(٣٦) أخرجه: ابن خزيمة (٧٧٢)، وحسنه الشيخ الألباني في (صحيح الجامع الصغير) (٦٨٨٣).

بەڵام بۆ حاڵەتی ناچاری وەکو لەکاتی بڵاو بوونەوەی پەتای کۆرۆنا زانایان ڕێگەیان پێداوە، والله أعلم.

٧. قژ لادان و پۆشاك هەڵگرتن لە سوجدەدا:

ئیبن عەباس ﷺ دەفەرموێت: ((أُمِرَ النَّبِيُّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ أَنْ يَسْجُدَ عَلَى سَبْعٍ، وَنُهِيَ أَنْ يَكُفَّ شَعْرًا أَوْ ثَوْبًا))[٣٧]. واتە: (پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانی پێکردم کەوا سوجدە لەسەر حەوت[٣٨] ئەندام ببەم، وە نەهی لێکردم لەناو نوێژدا قژم لابدەم و پۆشاکەکەم هەڵبکەم).

٨. قورئان خوێندن لە سوجدە و ڕکوعدا:

عەلی کوڕی ئەبو تاڵیب ﷺ دەفەرموێت: ((نَهَانِي رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ عَنْ قِرَاءَةِ الْقُرْآنِ وَأَنَا رَاكِعٌ أَوْ سَاجِدٌ))[٣٩]. واتە: (پێغەمبەری خوا ﷺ نەهی لێکردووم کەوا قورئان بخوێنم کاتێک لە ڕکوعدام، یان لە سوجدە دام).

لە فەرموودەیەکی تردا پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: ((أَلَا وَإِنِّي نُهِيتُ أَنْ أَقْرَأَ الْقُرْآنَ رَاكِعًا أَوْ سَاجِدًا، فَأَمَّا الرُّكُوعُ فَعَظِّمُوا فِيهِ الرَّبَّ عَزَّ وَجَلَّ، وَأَمَّا السُّجُودُ فَاجْتَهِدُوا فِي الدُّعَاءِ))[٤٠]. واتە: (من لێم

---

(٣٧) أخرجه: البخاري (٨٠٩)، ومسلم (٤٩٠) باختلاف يسير.

(٣٨) حەوت ئەندامەکە بریتییە لە (ناوچاوان، هەردوو دەست، هەردوو ئەژنۆ، هەردوو پشتی پەنجەکانی پێ).

(٣٩) أخرجه: مسلم (٤٨٠).

(٤٠) أخرجه: مسلم (٤٧٩).

قەدەغەلێکراوە کە لە ڕکوع و سوجدەدا قورئان بخوێنم، بەڵام با لە ڕکوعدا خوا بەگەورە بزانرێت، وە لە سوجدەشدا زۆر دوعا بکەن، چونکە دوعای تێدا قەبوڵە).

٩. سوجدەبردن وەك دەنوکدانی قەلەڕەش وە دانانی دەست وەك سەگ لەسوجدە دا وە مانەوەی و قۆرخکردن جێگایەك لەمزگەوت:

عەبدوڵڵای کوڕی شب ﷺ دەفەرموێت: ((نَهَى عَنْ نَقْرَةِ الْغُرَابِ، وَافْتِرَاشِ السَّبُعِ، وَأَنْ يُوَطِّنَ الرَّجُلُ المكَانَ فِي المَسْجِدِ كَمَا يُوَطِّنُ الْبَعِيرُ))[٤١]. واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ نەهی کردووە لە سوجدەی نوێژکردنمان وەك دەنوك کێشانی قەلەڕەش بێت بەزەویدا وە سوجدەبردنمان وەك دانانی دەستی سەگ بێت و لەدانیشتنیدا وە هەمیشە جێگەیە بگرێن تایبەت بەخۆمان لەمزگەوت لەهەموو کاتەکاندا وەك جێگەگرتنی وشتر.

١٠. سەرخستنە سەر ئەژنۆ لەکاتی وتاری هەینی:

واتا بەدانیشتننانەوە هەر دوو قاچت لەسەر زەوی دابنێت و بەدەست بیانگریت و سەریان لەسەردابنێیت. موعازی کوڕی ئەنەس ﷺ دەفەرموێت: ((أَنَّ النَّبِيَّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ نَهَى عَنِ الْحُبْوَةِ يَوْمَ الْجُمُعَةِ وَالْإِمَامُ يَخْطُبُ))[٤٢] واتە: (پێغەمبەری خوا ﷺ نەهی کردووە

(٤١) أخرجه: صححه الشيخ الألباني (صحيح أبي داود) (٨٠٨)، و(الصحيحة) (١١٦٨)، و(المشكاة) (٩٠٣)، و(صحيح الجامع) (٦٩٦٤).

(٤٢) أخرجه: أحمد (١٥٦٣٠) وقال محققوه: إسناده حسن ، حسنه الشيخ الألباني في (مشكاة المصابيح) (١٣٩٣).

لە سەرخستنە سەر ئەژنۆ لەکاتی وتاری هەینی دا)، ئەم نەهی کردنە بۆ ئەوەیە چونکە لەم حاڵەتەدا کەسەکە لەوانەیە خەوی لێ بکەوێت.

١١.نوێژکردن لەدوای نوێژی بەیانی تا خۆر هەڵهاتن و دوای نوێژی عەصر تا خۆر ئاوابوون:

دایکمان عائیشە ﵂ دەفەرموێت: ((«لَمْ يَدَعْ رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ الرَّكْعَتَيْنِ بَعْدَ الْعَصْرِ» قَالَ: فَقَالَتْ عَائِشَةُ: قَالَ رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: «لَا تَتَحَرَّوْا طُلُوعَ الشَّمْسِ، وَلَا غُرُوبَهَا فَتُصَلُّوا عِنْدَ ذَلِكَ»))[٤٣]. واتە: (پێغەمبەری خوا ﷺ هەرگیز وازی نەهێناوە لە دوو ڕکات نوێژی دوای عەصر، وە دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: (نوێژ مەکەن لەدوای نوێژی بەیانی تاوەکو خۆر کەوتن، وەلەکاتی نزیك لەخۆر ئاوابوون).

١٢. پێشنوێژخوێن نابێت جێگەکەی بەرزتر بێت بەسەر ئەوانەی دواییەوە:

حوزەیفە ﵁ دەفەرموێت: ((نهى أَنْ يَقُومَ الإِمَامُ فَوْقَ شَيْءٍ وَالنَّاسُ خَلْفَهُ))[٤٤]. واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ نەهی کردووە لەوەی پێشنوێژ خوێن لەسەر شتێك بووەستێت و بەرزتر بێت لەو خەڵکەی لەدوایەوە نوێژ دەکەن.

(٤٣) أخرجه: مسلم (٨٣٣).

(٤٤) أخرجه: الدارقطني (٢٤٧/٢)، وصححه الشيخ الألباني في (صحيح أبي داود) (٦١٠)، و المشكاة (١٩٦٢)، و (صحيح الجامع) (٦٨٤٢).

١٣. دەستی چەپ دانان لەزەوی لەدواوە و خۆپاڵدان پێوەی لەکاتی دانیشتنی تەحیاتی نوێژ:

ئیبن و عومەر ﷺ دەفەرموێت: ((نهى أَنْ يَجْلِسَ الرَّجُلُ فِي الصَّلَاةِ وَهُوَ مُعْتَمِدٌ عَلَى يَدِهِ الْيُسْرَى، وَقَالَ إِنَّهَا صَلَاةُ الْيَهُودِ))[٤٥]. واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ نەهی کردووە لەوەی مرۆڤ لەکاتی دانیشتنی تەحیاتی نوێژ دەستی چەپی لەپشتەوە دابنێت و پاڵبداتەوە پێوەی.

١٤. دانیشتن بەشێوازی دانیشتی تەحیایەتی یەکەم و دووەمی نوێژ لەدەرەوەی نوێژدا:

ئەنەس ﷺ دەفەرموێت: ((أَنَّ رَسُولَ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ نَهَى عَنِ الْإِقْعَاءِ وَالتَّوَرُّكِ فِي الصَّلَاةِ))[٤٦]. واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ نەهی کردووە لەدانیشتن بە شێوەی دانیشتنی تەحیاتی یەکەم و دووەم لەدەرەوەی نوێژدا. چونکە ئەو شێوەیە سونەتە تایبەتە بە ناو نوێژ.

---

(٤٥) أخرجه: الحاكم (١٠٠٧)، والبيهقي (٢٩٢٤)، وصححه الشيخ الألباني في (الارواء) (٣٨٠)، و(المشكاة) (٩١٤)، و (صحيح الجامع) (٦٨٢٢).

(٤٦) أخرجه: أحمد (١٣٤٣٧) وقال محققوه: صحيح دون النهي عن التورك، ورجال إسناده رجال الصحيح ، والبزار (٧٢٦١)، وصححه الشيخ الألباني في (الصحيحة) (١٦٧٠)، و(صحيح الجامع) (٦٨٦٥).

نەهی کراوەکانی مزگەوت

١. میز کردن لەبەردەرگای مزگەوت:

مزگەوت مالّی خودایە لەلای ئیمە جێگەیەکی پیرۆزە و دەبێت سنورەکانی بپارێزین، مەکحول ﷺ دەفەرموێت: ((نهى أن يبالَ بأبوابِ المساجدِ))[٤٧]. واتە: (پێغەمبەر ﷺ نەهی کردووە کە میز لەبەر دەرگای مزگەوت بکرێت)، پێویستە رێز لە مزگەوتەکان بگرین چونکە خۆشەویسترین چونکە پاکترین و باشترین جێگەیەن لای خوای گەورە.

٢. تف کردن ڕووەو قیبلە یان لای ڕاست:

ئەبو سەعیدی خودری ﷺ دەفەرموێت: ((أنَّ النَّبيَّ صلَّى اللَّهُ عليهِ وسلَّمَ رأى نُخامةً في قبلةِ المسجدِ فحَكَّها بحصاةٍ ونَهى أن يبصقَ الرَّجلُ بينَ يديهِ أو عن يمينِهِ))[٤٨]. واتە: (پێغەمبەری خوا ﷺ بەڵغەمێکی بینی لە قیبلەی مزگەوت، ئەویش بەدارێک کڕاندی، و نەهی کردووە کەسێک تفبکات ڕووەو قیبلە یان بەلای ڕاستدا).

وەلە فەرموودەیەکی تردا پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: ((مَنْ تَفَلَ

(٤٧) أخرجه: ابن شبة في (تاريخ المدينة) (٣٦/١)، وأبو داود في (المراسيل) (٣) باختلاف يسير. صححه الشيخ الألباني في (سلسلة الأحاديث الصحيحة) (٢٧٢٣).
(٤٨) أخرجه: النسائي (٧٢٥)، وصححه الشيخ الألباني في (صحيح النسائي) (٧٢٤).

تُجَاهَ الْقِبْلَةِ جَاءَ يَوْمَ الْقِيَامَةِ تَفْلُهُ بَيْنَ عَيْنَيْهِ))[٤٩] واتە: (هەر كەس تف ڕووەو قیبلە فڕی بدات لە كاتی نوێژدا لەرۆژی دواییدا دێت و تفكە لە نێوان هەردوو چاویدایە).

٣. شانازی كردن بە ڕازاندنەوەی مزگەوتەكان:

ئەنەسی كوڕی مالیك ﷺ دەفەرموێت: ((نَهَى رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ أَنْ يَتَبَاهَى الناس في المساجد))[٥٠]. واتە: (پێغەمبەری خوا ﷺ نەهی كردووە كەوا خەڵكی بۆ مەبەستی فیز و خۆدەرخستن پێشبڕكێ بكەن لە گەڵ یەكتریدا لەجوانكاری مزگەوتدا).

هەروەها ئیبن عباس ﷺ دەفەرموێت: ((لَتُزَخْرِفُنَّهَا كَمَا زَخْرَفَتِ الْيَهُودُ وَالنَّصَارَى))[٥١]. واتە: (مزگەوتەكانتان دەڕازێننەوە هەروەك چۆن جولەكە و گاورەكان پەرستگاكانیان دەڕازێننەوە)، واتە وەك جولەكەو گاورەكان مەكەن كە كەنیسەكانیان ڕازاندۆتەوە.

٤. كڕین و فرۆشتن لەناو مزگەوتدا، یاخود كۆڕی شیعر و دانیشتی بازنەیی پێش وتاری جومعە:

یەكێكی تر لەو كارانەی كەوا پێغەمبەری خوا ﷺ نەهی لێكردووە

(٤٩) أخرجه: أبي داود (٣٨٢٤)، وصححه الشيخ الألباني في (سلسلة الأحاديث الصحيحة) (٢٢٢).

(٥٠) أخرجه: ابن حبان (١٦١٣) وقال الشيخ الأرناؤوط: أسناده صحيح.

(٥١) أخرجه: البخاري معلقاً بصيغة الجزم قبل حديث (٤٤٦) الموقوف منه، وأخرجه موصولاً أبو داود (٤٤٨) واللفظ له.

بریتییە لە کڕین و فرۆشتن لەناو مزگەوتدا، هەروەها شەڕە شیعر و کۆڕ و مجلیس بەستن پێش وتاری جومعە، لەفەرموودەیەکدا هاتووە کە دەفەرموێت: ((نَهَى رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ عَنِ الشِّرَاءِ وَالْبَيْعِ فِي الْمَسْجِدِ، وَأَنْ تُنْشَدَ فِيهِ الْأَشْعَارُ، وَأَنْ تُنْشَدَ فِيهِ الضَّالَّةُ، وَعَنِ الْحِلَقِ يَوْمَ الْجُمُعَةِ قَبْلَ الصَّلَاةِ))[٥٢]. واتە: (پێغەمبەری خوا ﷺ نەهی کردووە لە کڕین و فرۆشتن لەناو مزگەوتدا، وە نەهی کردووە لە پێشبڕکێ شعر وتن، هەروەها نەهی کردووە لەوەی کەوا جارِبدرێت بۆ شتی بزربوو، وە نەهی کردووە لە کۆڕ و بازنە بەستن پێش نوێژ جومعە).

٥. تەوافی خواحافیزی پێویستە:

موعاویە ﷺ دەفەرموێت: ((نَهى أَنْ يَنفرَ الرَّجُل حَتى يَكونَ آخر عَهده بالبَيت في رواية [لا يَنْفرن أَحد حَتى يَكونَ آخرُ عَهده بالبَيْت] [٥٣]))[٥٤]. واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ نەهی کردووە لەو کەسەی دەچێت بۆ حەج یاخود عومرە مەککە بەجێ بهێڵێت تا تەواوفی ماڵئاوایی جێ بەجێ نەکات. واتە: دەبێت تەوافێك بکات پێش ئەوەی لەمەککە بەجێبهێڵێت.

---

(٥٢) أخرجه: أحمد (٦٦٧٦) وقال محققوه: إسناده: حسن، أبو داود (١٠٧٩) باختلاف يسير، والترمذي (٣٢٢)، والنسائي (٧١٤)، وابن ماجه (٧٤٩، ٧٦٦) مختصراً، وحسنه الشيخ الألباني في (صحيح الجامع الصغير) (٦٨٨٥).

(٥٣) أخرجه: مسلم (٣٢١٩).

(٥٤) أخرجه: أحمد (١٦٨٧٧) وقال محققوه: حديث صحيح، والطيالسي (١٠٥٥)، والطبراني (المعجم الكبير) (٦٩٩)، وأبي داود (٤١٣١)، والنسائي (٥١٥٠)، وابن ماجة (٣٠٧١)، وصححه الضياء في (المختاره) (٣٢٤٢٠).

٦. تۆلەکردنەوە و لێدانی تاوانبار لەناو مزگەوت:

عەبدوڵڵای کوڕی عەمر ﷺ دەفەرموێت: ((نَهَى عَنْ جَلْدِ الْحَدِّ فِي الْمَسَاجِدِ))[٥٥]. واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ نەهی کردووە لەسزادانی تاوانبار لەناو مزگەوتدا.



(٥٥) أخرجه: ابن ماجه (٢٦٠٠) باختلاف يسير، وصححه الشيخ الألباني في (الإرواء) (٢٢١٤)، و (صحيح الجامع) (٦٩٥٢).

نەهی لێکراوەکانی تایبەت بە ڕۆژوو

١. بەڕۆژوو بوونی ڕۆژی جومعە بەتەنها:

بەڕۆژوو بوونی ڕۆژانی جومعە بە تەنها یەکێکی تر لەو کارانەی کەوا پێغەمبەری خوا ﷺ نەهی لێکردووە، جابر ﷺ دەفەرموێت: ((نَهَى رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ عَنْ صِيَامِ يَوْمِ الْجُمُعَةِ مُفْرَدًا))[٥٦]. واتە: (پێغەمبەری خوا ﷺ نەهی کردووە لە بەڕۆژوو بوونی ڕۆژانی جومعە بەتەنها)، واتە نابێت بەتەنها ڕۆژی جومعە بەڕۆژوو بیت، ڕۆژێک پێشتر یاخود ڕۆژێک دواتر لەگەڵی بەڕۆژوو بە.

هۆکاری ئەمەش لە فەرموودەیەکی تردا پێغەمبەری خوا ﷺ ڕوونی کردوەتەوە کە بۆچی ڕۆژانی جومعە بەتەنها بەڕۆژوو نەبین، دەفەرموێت: ((يَوْمُ الْجُمُعَةِ يَوْمُ عِيدٍ، فَلَا تَجْعَلُوا يَوْمَ عِيدِكُمْ يَوْمَ صِيَامٍ، إِلَّا أَنْ تَصُومُوا قَبْلَهُ أَوْ بَعْدَهُ))[٥٧] واتە: (ڕۆژی جومعە ڕۆژی جەژنە، لە ڕۆژی جەژنتان بەڕۆژوو مەبن، مەگەر تەنها ڕۆژێک دواتر یان پێشتر لەگەڵی بەڕۆژوو بن).

---

(٥٦) أخرجه: النسائي (٢٧٦٢)، وأبو يعلى (٥٩٩/٣) وقال محققه: اسناده صحيح موصول.

(٥٧) أخرجه: أحمد (٨٠٢٥) وقال الأرناؤوط: إسناده حسن، وابن خزيمة (٢١٦١)، والحاكم (١٥٩٥) واللفظ له.

٢. بەڕۆژوو بوون چەند شەو ڕۆژێك بەدوای یەکدا بەبێ شکاندنی ڕۆژووەکە:

دایکمان عائیشە ﵂ دەفەرموێت: ((نَهَى رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، عَنِ الوِصَالِ))[٥٨]. واتە: (پێغەمبەری خوا ﷺ نەهی کردووە لە بەڕۆژوو بوونی چەندەها ڕۆژ بەدوای یەکدا بەبێ شکاندنی ڕۆژووەکە). لێرەدا ئەمە بۆ ڕۆژووی سوننەتە.

٣. بەڕۆژوو بوونی یەکەم ڕۆژی جەژنی ڕەمەزان و ڕۆژانی جەژنی قوربان:

ئەبو سەعیدی خودری ﵁ دەفەرموێت: ((نَهَى النبيُّ صَلَّى اللهُ عليه وسلَّمَ عن صَوْمِ يَومِ الفِطْرِ والنَّحْرِ))[٥٩]. پێغەمبەری خوا ﷺ نەهی کردووە لە بەڕۆژوو بوونی یەکەم ڕۆژی جەژنی ڕەمەزان، وڕۆژانی جەژنی قوربان .

٤. بەڕۆژوو بوونی ڕۆژێك پێش ڕەمەزان:

ئەبوهوڕەیرە ﵁ دەفەرموێت: ((نَهَى عَنْ صِيَامِ يَوْمٍ قَبْلَ رَمَضَانَ، وَالأَضْحَى، وَالْفِطْرِ، وَأَيَّامِ التَّشْرِيقِ))[٦٠]. پێغەمبەری خوا ﷺ نەهی کردووە لە بەڕۆژوو بوونی ڕۆژێك پێش ڕەمەزان.

---

(٥٨) أخرجه: البخاري (١٩٦٤).

(٥٩) أخرجه: البخاری (١٩٩١).

(٦٠) أخرجه: البيهقي (سنن الكبرى) (٢٠٨/٤)، وصححه الشيخ الألباني (الصحيحة) (٢٣٩٨)، (صحيح الجامع) (٦٩٦٤).

٥. بەڕۆژوو بوونی ئافرەت بەبێ ئیزنی میێردەکەی:

ئەبو سەعیدی خودری ﷺ دەفەرموێت: ((نَهى رسولُ اللهِ صلَّى الله عليْهِ وسلَّمَ النِّساءَ أن يصمنَ إلاَّ بإذنِ أزواجِهنَّ))[٦١]. پێغەمبەری خوا ﷺ نەهی کردووە لەئافرەت ڕۆژووی سوننەت بگرێت بەبێ مۆڵەتی میێردەکەی.



(٦١) أخرجه: ابن ماجه (١٧٦٢)، وصححه الشيخ الألباني في (صحيح ابن ماجه) (١٤٣٨).

نەهی کراوەکانی ماتەم و تەعزیەباری و گۆڕستان

١. پێغەمبەری ئازیز ﷺ نەهی کردوە لە چوون بەدوای جەنازە لەلایەن ئافرەتی شین و شەپۆرکەر.

عەبدوڵڵای کوڕی عومەر ﷺ دەفەرموێت: ((نَهَى رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ أَنْ تُتْبَعَ جِنَازَةٌ مَعَهَا رَنَّةٌ))[٦٢]. واتە: (پێغەمبەری ئازیز ﷺ نەهی کردووە لە ئافرەتان کە بەدوای جەنازەدا بڕۆن بە شین و شەپۆر).

ئومە عەتیە ﷺ دەفەرموێت: ((نَهَى عَنِ النِّيَاحَةِ))[٦٣]. پێغەمبەری خوا ﷺ نەهی کردووە لەشین و شەپۆری ماتەم.

چونکە دەبێتە هۆی جۆش و خرۆشی خەڵکەکە، ئەگەر ئەو ئافرەتانە تۆبە نەکەن خوای گەورە لە ڕۆژی دوایدا شەروالێکی قیراوی گڕدار وە کراسێکی ئاڵوشاویان لەبەردەکات. هەروەك لەم فەرموودەیەدا دەفەرموێت: ((النَّائِحَةُ إِذَا لَمْ تَتُبْ قَبْلَ مَوْتِهَا، تُقَامُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَعَلَيْهَا سِرْبَالٌ مِنْ قَطِرَانٍ وِدِرْعٌ مِن جَرَبٍ...))[٦٤]. واتە: (ئەگەر ئافرەتی شین و شەپۆرکەر پێش مردنی تەوبە نەکات خوای گەورە شەروالێکی گڕدار و

---

(٦٢) أخرجه: أحمد (٥٦٦٨) وقال محققه: حسن بمجموع طرقه وشواهده، وحسنه الشيخ الألباني في (صحيح الجامع الصغير) (٦٨١٠).

(٦٣) أخرجه: الطبراني (المعجم الأوسط) (٦١٢٧)، و الحاكم (المستدرك) (٦٥٦٥)، وصححه الشيخ الألباني في (٦٩١٦).

(٦٤) أخرجه: مسلم (٩٣٤).

کراسێکی ئاڵۆشاویی لەبەر دەکات).

٢. شت نوسین لەسەر گۆڕ:

جابر ﷺ دەفەرموێت: ((نَهَى رَسُولُ اللَّهِ -صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- أَنْ يُجَصَّصُ الْقَبْرُ، وَأَنْ يُقْعَدَ عَلَيْهِ، وَأَنْ يُبْنَى عَلَيْهِ. أو يزاد عليه أو يكتب عليه))[٦٥]. واتە: (پێغەمبەری خوا ﷺ نەهی کردووە کەوا گۆڕ هەڵبەسرێت وجوانکاری بۆ بکرێت، یاخود دانیشتن لەسەر قەبر، یاخود بیناکردن لەسەر قەبر. وە سولەیمانی کوڕی یوسف دەفەرموێت: وە نوسین لەسەر قەبر).

هەروەها پێغەمبەری خوا ﷺ سەبارەت بە دانیشتن لەسەر گۆڕ فەرموویەتی: ((لَأَنْ يَجْلِسَ أَحَدُكُمْ عَلَى جَمْرَةٍ فَتُحْرِقَ ثِيَابَهُ، فَتَخْلُصَ إِلَى جِلْدِهِ، خَيْرٌ لَهُ مِنْ أَنْ يَجْلِسَ عَلَى قَبْرٍ))[٦٦] واتە: (ئەگەر یەکێک لەئێوە لەسەر پشکۆیەک دابنیشێت و جلەکانی بسوتێت و بگاتە پێستەکەی باشترە لەوەی لەسەر قەبر دانیشێ).

هەروەها پێنان بەسەر گۆردا دروست نیە، پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت:((لَأَنْ أَمْشِيَ عَلَى جَمْرَةٍ، أَوْ سَيْفٍ، أَوْ أَخْصِفَ نَعْلِي

(٦٥) أخرجه: مسلم (٩٧٠)، وأبو داود (٣٢٢٦)، وابن ماجه (١٥٦٣)، والطبراني في (الأوسط) (٧٦٩٩)، والشيخ الألباني في (تلخيص أحكام الجنائز)، باب التعزية (٨٥) (٢٦٠).

(٦٦) أخرجه: مسلم (٩٧١).

بِرِجْلِي، أَحَبُّ إِلَيَّ مِنْ أَنْ أَمْشِيَ عَلَى قَبْرِ مُسْلِمٍ))[٦٧]. واتە: (ئەگەر بەسەر پشکۆیەك یان بەسەر شمشێرێك یان نەعلەکانم بەشوشزن بەژێرقاچمەوە بدورمەوە ئەوەم بەلاوە باشترە لەوەی بەسەر گۆری موسوڵمانێکدا بڕۆم)، کەواتە: لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت موسوڵمان چۆن بە زیندووی بەڕێزە، بەمردوویش هەر بەڕێزە، دروست نییە لەسەر گۆڕەکەی دابنیشیت، یاخود پێی دانێیت لەسەر گۆڕەکەی.

٣. جاڕدان بۆ مردنی کەسێك:

جاڕدان و بانگەوازی بۆ ئەوەی بە خەڵکی بڵێن کەسێک مردووە یەکێکی تر لەو کارانەی کە پێغەمبەری خوا ﷺ نەهی لێکردووە، حوزەیفەی کوڕی یەمان ﷺ دەفەرموێت: ((نَهَى رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ عَنِ النَّعْيِ))[٦٨]. واتە: (پێغەمبەری خوا ﷺ نەهی کردووە لە بانگەوازی کردن بۆ مردنی کەسێک).

٤. ناشتنی مردووە لەشەواندا:

جابری کوڕی عەبدوڵڵا ﷺ دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: ((لَا تَدْفِنُوا مَوْتَاكُمْ بِاللَّيْلِ، إِلَّا أَنْ تُضْطَرُّوا))[٦٩]. واتە:

---

(٦٧) أخرجه: ابن ماجه (١٥٦٧)، وصححه الشيخ الألباني في (صحيح الجامع الصغير) (٥٠٣٨).

(٦٨) انظر: (صحيح الجامع الصغير) (٦٩٠٧) لشيخ الألباني وقال حديث صحيح.

(٦٩) أخرجه: ابن ماجه (١٥٢١)، وصححه الشيخ الألباني في (صحيح الجامع الصغير) (٧٢٦٨).

(مردووەکانتان بەشەو مەنێژن مەگەر زۆر پێویست و ناچار بن).

ئەمەش چەند سودێکی بۆ مردووەکە هەیە، وە بۆ خەڵکیش، بۆ مردووە ئەوەیە تاوەکو زیاتر خەڵکی نوێژی لەسەر بکات، پێغەمبەری خوا ﷺ لە فەرموودەیەکدا دەفەرموێت: ((مَا مِنْ رَجُلٍ مُسْلِمٍ يَمُوتُ، فَيَقُومُ عَلَى جَنَازَتِهِ أَرْبَعُونَ رَجُلاً، لاَ يُشْرِكُونَ بِاللهِ شَيْئًا، إِلاَّ شَفَّعَهُمُ اللهُ فِيهِ))[٧٠] واتە: (هەر موسوڵمانێک بمرێت، چل پیاو کە هاوەڵیان بۆ خوا بڕیار نەدابێت نوێژی لەسەر بکەن، ئەوا خوای گەورە دەیخاتە بەر شەفاعەتی ئەو کەسانە و هەرچی داوا بکەن بۆ مردووەکە بۆی دەکات)، واتا ئەگەر ئەو چل کەسە نوێژیان لەسەر کرد و داوای لێخۆشبوونیان بۆ کرد، ئەوا خوای گەورە لێی خۆش دەبێت.

لە فەرموودەیەکی تردا دەفەرموێت: ((مَا مِنْ مَيِّتٍ يُصَلِّي عَلَيْهِ أُمَّةٌ مِنَ الْمُسْلِمِينَ يَبْلُغُونَ أَنْ يَكُونُوا مِائَةً يَشْفَعُونَ إِلاَّ شُفِّعُوا فِيهِ))[٧١]. واتە: (هەر مردوویەک سەد کەس نوێژی لەسەر بکەن و هەر داوایەکی بۆ بکەن خوای گەورە لێیان وەرئەگرێت).

ئەمە سود بوو بۆ مردووەکە، وە سودی بۆ ئەوانەشی کەوا نوێژێ لەسەر دەکەن پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: ((مَنْ صَلَّى عَلَى جَنَازَةٍ

(٧٠) أخرجه: مسلم (٩٤٨).

(٧١) أخرجه: النسائي (١٩٩١)، و صححه الشيخ الألباني في (صحيح الجامع الصغير) (٥٧٨٦).

فَلَهُ قِيرَاطٌ، فَإِنْ شَهِدَ دَفْنَهَا فَلَهُ قِيرَاطَانِ، الْقِيرَاطُ مِثْلُ أُحُدٍ))[٧٢]. واتە: (هەر کەسێك لەسەر مردوویەك نوێژ بکات ئەوا قیراتێك پاداشتی بۆ هەیە، ئەگەر چاوەڕێ بکات تا دوای بەخاك سپاردنی ئەوا دوو قیراتی بۆ هەیە، وە هەر قیراتێکیش وەکو شاخی ئوحود وایە).

٥. جوێندان بەمردوو:

زەیدی کوڕی ئەرقەم ﷺ دەفەرموێت: ((أَنَّ رَسُولَ اللهِ صلى الله عليه وسلم نَهَى عَنْ سَبِّ الْأَمْوَاتِ))[٧٣]. واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ نەهی کردووە لەجوێندان بەمردوو.

٦. نوێژکردن لەسەرجەنازە لەناو گۆڕستان:

ئەنەس ﷺ دەفەرموێت: ((أَنَّ النَّبِيَّ صلى الله عليه وسلم نَهَى أَنْ يُصَلَّى عَلَى الْجَنَائِزِ بَيْنَ الْقُبُورِ))[٧٤]. واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ نەهی کردووە لە نوێژکردن لەسەر جەنازە و تەرم لەناو گۆڕستاندا.

---

(٧٢) أخرجه: مسلم: (٩٤٦).

(٧٣) أخرجه: الطبراني (المعجم الكبير) (٤٩٧٤)، والحاكم (المستدرك) (١٤١٩)، وصححه الشيخ الألباني في (الصحيحة) (٢٣٩٧)، و(صحيح الجامع) (٦٩٥٨).

(٧٤) أخرجه: الطبراني (المعجم الأوسط) (٥٦٣١)، والهيثمي (٤١٨٧)، وصححه الشيخ الألباني في (صحيح الجامع) (٦٨٣٤).

نەهی کراوەکانی بواری ئازەڵ و گیانلەبەران

١. کوشتنی گیانلەبەران بەبێ هۆ:

عەبدوڵڵای کوڕی عەباس ﷺ دەفەرموێت: ((نَهَى عَنْ قَتْلِ كُلِّ ذِي رُوحٍ))(٧٥). واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ نەهی کردووە لەکوشتنی هەموو گیانلەبەرێك بەبێ هۆ.

٢. کوشتنی مێرولە و مێشهەنگ و پەپووسولێمانە و بۆق:

ئەبو هورەیرە ﷺ دەفەرموێت: ((نَهَى عَنْ قَتْلِ الصُّرَدِ وَالضِّفْدَعِ وَالنَّمْلَةِ وَالْهُدْهُدِ))(٧٦). واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ نەهی کردووە لە کوشتنی باڵندەی صورە و بۆق و مێرولە و مێشهەنگ و پەپووسولێمانە.

٣. کوشتنی گیانەوەران لەژێر ئەشکەنجە و ئازار:

پێغەمبەری ئازیز ﷺ نەهی کردووە لەو کارە هەروەك لە فەرموودەیەکدا دەفەرموێت: ((نَهَى النَّبِيُّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ أَنْ تُصْبَرَ البَهَائِمُ))(٧٧). واتە: (پێغەمبەری خوا ﷺ نەهی کردووە لە ڕاگرتنی گیانەوەران تا لە برسا دەمرێت یان بکرێتە نیشانە بۆ دەست ڕاستی)، کەواتە دروست نییە

---

(٧٥) أخرجه: الطبراني (١١٧/١٢) (١٢٦٣٩) مطولاً، صححه الشيخ الألباني في (صحيح الجامع) (٦٩٧٣).

(٧٦) أخرجه: ابن ماجه (٣٢٢٣) واللفظ له، والبزار (٧٩٧٧)، وأبو نعيم في (حلية الأولياء) (٠٦١/٢)، وصححه الشيخ الألباني في (صحيح ابن ماجه) (٦٢٦٢).

(٧٧) أخرجه: البخاري (٥٥١٣).

گیانەوەران ببەسرێتەوە و بکرێنە نیشانە، یاخود بەئەشکەنجە و ئازارەوە بکوژرێت.

٤. نیشانەگرتن لەڕۆح لەبەر:

ئیبن و عەباس ﷺ دەفەرموێت: ((نهى أنْ يُتخذَ شيءٌ فيه الروحُ غرضًا))[٧٨]. واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ نەهی کردووە لەوەی مرۆڤ و گیانلەبەر بوەستێنرێت بۆ نیشانە لێگرتن.

وەلەفەرموودەیەکی تردا هاتووە کە جابر ﷺ دەفەرموێت: ((نَهَى أَنْ يُقْتَلَ شَيْءٌ مِنَ الدَّوَابِّ صَبْرًا))[٧٩]. واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ نەهی کردووە لەوەی ئاژەڵ ببەسرێتەوە و نیشانەی لێ بگیرێت.

٥. پەڕینی گوێدرێژ لە ئەسپ:

یەکێکی تر لە نەهی لێکراوەکان بریتییە لە پەڕینی گوێدرێژ لە ئەسپ بۆ ئەوەی بێچووەکەی هێستر دەربچێت، پێشەوا عەلی ﷺ دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا ﷺ پێی فەرمووم: ((نَهَى رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ أَنْ نُزِ الْحَمِيرَ عَنِ الْخَيْلِ))[٨٠]. واتە: (گوێدرێژ با جووت نەبێت لەگەل ئەسپدا).

---

(٧٨) أخرجه: البخاري معلقا بصيغة الجزم بعد حديث (٥٥١٥)، وأخرجه موصولاً مسلم (١٩٥٧)، والترمذي (١٤٧٥)، والنسائي (٤٤٤٣)، وابن ماجه (٣١٨٧)، وأحمد (٢٤٨٠) واللفظ له.

(٧٩) أخرجه: ابن خزيمة (٢٥٥٢)، والبغوي (السنة) (٢٧٨٥)، وصححه الشيخ الألباني في (صحيح الجامع) (٦٨٣٩).

(٨٠) أخرجه: أحمد (٥٨٢) وقال محققوه: حسن لغيره، و(جامع المساند) (١٣٦٢)، و عبد الرزاق (٦٧٦٧).

٦. خەساندنی ئاژەڵ:

خەساندنی ئاژەڵ بۆ ئەوەی قەڵەو بێت و گۆشتن بێت یەکێکی تره لەو کردەوانەی کەوا پێغەمبەری خوا ﷺ نەهی لێکردووە، ئیبن عومەر ﷺ بێت دەفەرموێت: ((نَهَى رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ عَنْ إِخْصَاءِ الْخَيْلِ وَالْبَهَائِمِ))[٨١]. واتە: (پێغەمبەری خوا ﷺ نەهی کردووە لە خەساندنی ئەسپ و ئاژەڵان)..

٧. سەربڕینی ئەو ئاژەڵانەی کەوا بێچووەکانیان بچوکە و شیریان تێدایە:

ئیمامی عەلی ﷺ دەفەرموێت: ((نَهَى رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ عَنِ ذَبْحِ ذَوَاتِ الدَّرِّ))[٨٢]. واتە: (پێغەمبەری خوا ﷺ نەهی کردووە لە سەربڕینی ئاژەڵێک کەوا شیری تێدایە).

٨. دانیشتن لەسەرپێستی پڵنگ:

موعاویەی کوڕی ئەبو سوفیان ﷺ دەفەرموێت: ((أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ «نَهَى عَنْ رُكُوبِ النِّمَارِ))[٨٣]. واتە: (پێغەمبەری خوا ﷺ نەهی کردووە لە دانیشتن لەسەر پێستی پڵنگ).

---

(٨١) أخرجه: البيهقي في (السنن الكبرى) (٢٤/١٠)، وصححه الشيخ الألباني في (صحيح الجامع) (٦٩٥٦).

(٨٢) أخرجه: ابن ماجه (٢٢٠٦)، وصححه الشيخ الألباني في (صحيح الجامع الصغير) (٦٨٨٤).

(٨٣) أخرجه: أحمد (١٦٨٤٤) وقال محققوه: حديث صحيح، وصححه الشيخ الألباني في (صحيح الجامع) (٦٨٨١).

٩. خواردنی گۆشتی گوێدرێژی ماڵی:

ڕەبیعی کوڕی سەبرە لە باوکیەوە دەگێڕێتەوە ﷺ و دەفەرموێت: ((أَنَّ النَّبِيَّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ نَهَى عَنْ لُحُومِ الْحُمُرِ الْأَهْلِيَّةِ زَمَنَ خَيْبَرَ))[٨٤]. واتە: (پێغەمبەری خوا ﷺ نەهی کردووە لە خواردنی گۆشتی گوێدرێژی ماڵی).

١٠. بەکارهێنانی پێستی ئاژەڵی درندە کە گۆشتی ناخورێت:

لە فەرموودەیەکدا ئەبی مەلیح ﷺ دەفەرموێت: ((نَهَى رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، عَنْ جُلُودِ السِّبَاعِ))[٨٥]. واتە: (پێغەمبەری خوا ﷺ نەهی کردووە لە بەکارهێنانی پێستی ئاژەڵی درندە)، جا ئەم بەکارهێنانە وەک فەرش بۆ دانیشتن بێت، یاخود جل و بەرگی لێ دروست بکرێت، لە هەردوو بارەکەدا نەهی لێکراوە.

١١. فرۆشتنی کۆرپەلەی ئاژەڵ لەناوسکی دایکیدا:

عەبدوڵڵای کوڕی عەباس ﷺ دەفەرموێت: ((نَهَى عَنْ بيعِ المضامينِ، والملاقِيحِ، وحَبَلِ الْحَبَلَةِ))[٨٦]. واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ نەهی کردووە لە فرۆشتنی کۆرپەلەی ئاژەڵان لەسکی دایکیدا.

---

(٨٤) أخرجه: أحمد (٥٩٢) وقال محققوه: إسناده صحيح على شرط الشيخين، وصححه الشيخ الألباني في (الصحيحة) (٣٥٨)، و (صحيح الجامع) (٦٨٦٠).

(٨٥) أخرجه: أحمد (٢٠٧١٢) وقال محققوه: إسناده صحيح، رجاله ثقات، وصححه الشيخ الألباني في (صحيح الجامع الصغير) (٦٩٥٣).

(٨٦) أخرجه: عبدالرزاق (المنصنف) (١٤١٣٧)، والطبراني (المعجم الكبير) (١١٥٨١)، و الهيثمي (المجمع) (٦٥٠١)، وصححه الشيخ الألباني (صحيح الجامع) (٦٩٣٧).

نەهی کراوەکانی بواری ئافرەتان و خێزان

١. قسەکردنی پیاو لەگەڵ ئافرەتی نامەحرەم:

پێغەمبەری ئازیز ﷺ قەدەغەی کردوە کە پیاو قسە بکات لەگەڵ ئافرەتێکدا کە مەحرەم نیە پێی لە ماڵی مێردەکەیدا مەگەر مێردەکەی رێگە بدات، هەروەك لەم فەرموودەیەدا هاتووە کە عەبدوڵڵای کوڕی عەمری کوڕی عاص خوای ﷺ دەفەرموێت: ((أنَّ رسولَ اللهِ ﷺ نهى أن تُكلَّمَ النساءُ إلاَّ بإذْنِ أزواجِهنَّ))[٨٧] واتە: (پێغەمبەری خوا ﷺ نەهی کردووە کە قسە لەگەڵ ئافرەتێک بکرێت بە بێ ڕەزامەندی مێردەکەی)، وە بەپێچەوانەشەوە نابێت ئافرەت لەگەڵ پیاوی نا مەحرەم قسە بکات تەنها بە ڕەزامەندی مێردەکەی دەتوانێت.

٢. مانەوەی پیاو و ئافرەتی نامەحرەم بەیەکەوە:

ئیبن عەباس ﷺ دەفەرموێت: ((نَهَى رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ عَنِ الْخَلْوَةِ))[٨٨]. واتە: (پێغەمبەری خوا ﷺ نەهی کردووە لەمانەوەی پیاو لەگەڵ ئافرەتێکی نامەحرەم بەتەنها لە شوێنێکدا بە یەکەوە بن).

٣. کاتێك پیاو لەشەودا لە سەفەردەگەڕێتەوە بچێتە ماڵەوە:

یەکێکی تر لەو کارانەی کەوا پێغەمبەری خوا ﷺ نەهی لێکردووە

(٨٧) أخرجه: ابن حبان (٥٥٨٤)، وصححه الشيخ الألباني في (صحيح الجامع الصغير) (٦٨١٣).

(٨٨) أخرجه أحمد (٢٧١٩) وقال محققوه: إسناده صحيح، رجاله ثقات رجال الصحيح.

بریتییە لەوەی کاتێک لە شەودا پیاو لەسەفەر دەگەڕێتەوە بچێتە ماڵەوە دەبێت ئاگاداریان بکاتەوە یان چاوەڕێ بکات تاوەکو ڕۆژ دەبێتەوە پاشان بچێتە ماڵەوە، جابر ﷺ دەفەرموێت: ((نَهَى رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ أَنْ يَطْرُقَ الرَّجُلُ أَهْلَهُ لَيْلًا))[٨٩]. واتە: (پێغەمبەری خوا ﷺ نەهی کردووە کە پیاو لە سەفەر بوو نابێ یەکسەر بچێت بۆ ماڵەوە بە تایبەتی ئەگەر شەوبوو پێویستە ئاگاداریان بکاتەوە یا خود چاوەڕێ بکات تا ڕۆژ ئەبێتەوە).

بێگومان ئەمە بۆ کەسێکە کە سەفەرەکەی ماوەیەکی دوور و درێژی خایاندووە، زانایان لە ڕاڤەی ئەم فەرموودەیە چەند هۆکارێکیان باس کردووە، هەندێکیان دەفەرموون: لەوەیە ئافرەتەکە حەز نەکات پیاوەکەی ببینێت و خۆی بۆ نەڕازاندبێتەوە، یاخود هەندێک لەزانایان دەفەرموون: ئەمە سەر دەکێشێت بۆ ئەوەی کە پیاو گومانی خراپ بە خێزانەکەی ببات، بۆیە هەر لەسەرەتاوە ئیسلام ڕێگری لەوە کردووە.

٤. ناپۆشتەیی و سفوری ئافرەتان بۆ نامەحرەم:

عەبدوڵڵای کوڕی مەسعود ﷺ دەفەرموێت: ((نَهَى رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ عَنْ عَشْرٍ... وَعَنِ التَّبَرُّجِ بِالزِّينَةِ لِغَيْرِ مَحِلِّهَا))[٩٠]. واتە: (پێغەمبەری خوا ﷺ نەهی کردووە لە دە کاروکردەوە، وە نەهی کردووە

(٨٩) أخرجه: مسلم (٧١٥).

(٩٠) أخرجه: ابن حبان (٥٦٨٣)، وصححه الشيخ الألباني في (صحيح الجامع الصغير) (٦٩١٤).

لە ناپۆشتەیی و خۆ ڕازاندنەوەی ئافرەتان بۆ نامەحرەمەکانیان)، خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت: ﴿وَلَا تَبَرَّجْنَ تَبَرُّجَ ٱلْجَٰهِلِيَّةِ ٱلْأُولَىٰ﴾(الاحزاب: ٣٣). واتە: (ئەی ئافرەتانی موسوڵمان وەکو ئافرەتانی سەردەمی نەفامی پێشوو جوانی خۆتان بۆ پیاوانی نامەحرەم دەرمەخەن).

کەواتە ناپۆشتەیی و سفوری نیشانەی پێشکەوتن و ڕۆشنبیری نییە، بەڵکو ئەمە پیشەی ئافرەتانی سەردەمی جاهیلی و نەفامیە، وە لە ئایەتێکی تردا خوای گەورەی دوای ئەوەی بە پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: فەرمان بە خێزانەکانی و کچەکانی و ئافرەتانی موسڵمانان بکات کەوا خۆیان داپۆشن، دەفەرموێت: ﴿ذَٰلِكَ أَدْنَىٰٓ أَن يُعْرَفْنَ فَلَا يُؤْذَيْنَ﴾ (الاحزاب:٥٩) واتە: (ئەوە لەبارترین شتە کەپێی بناسرێن تا ئازار نەدرێن).

٥. بەکارهێنانی بۆنی ئافرەت لەلایەن پیاوانەوە:

ئەنەسی کوڕی مالیك ﷺ دەفەرموێت: ((نَهَى النَّبِيُّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ أَنْ يَتَزَعْفَرَ الرَّجُلُ))[٩١]. واتە: (پێغەمبەری خوا ﷺ نەهی کردووە لەوەی کەپیاوان بۆنی ئافرەتان بەکاربهێنن)، چونکە عەتری ئافرەت زەعفەرانی پێوەیە کە ڕەنگەکەی زەردە ، وە فریشتە ناچێتە ئەو ژورەوە ئەگەر پیاو ئەو جۆرە عەترەی بەکارهێنابێت.

(٩١) أخرجه: البخاري (٥٨٤٦)، ومسلم (٢١٠١).

٦. قەدەغەکرادنی ئافرەت لەچوونی بۆ مزگەوت:

عەبدوڵڵای کوڕی عومەر ﷺ دەفەرموێت: ((نَهى الرِّجالَ أَنْ يَمْنَعوا النِّساءَ مِنْ الذَهابِ إلى المَساجِدِ))[٩٢]. واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ نەهی کردووە لە پیاوان ڕێگری ئافرەت بکەن لەچوونیان بۆ مزگەوت.

٧. لەدەستکردنی مستیلەی ئاڵتون بۆ پیاو:

عیمرانی کوڕی موحصین ﷺ دەفەرموێت: ((نَهَى عَنِ التَّخَتُّمِ بِالذَّهَبِ))[٩٣]. واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ نەهی کردووە لە پیاو مستیلەی ئاڵتون لەدەست بکات.

٨. ئەڵقەی ئاسن لەپەنجە کردن:

عەبدوڵڵای کوری عەمر ﷺ دەفەرموێت: ((نَهَى عَنْ خَاتَمِ الذَّهَبِ وَعَنْ خَاتَمِ الحَدِيدِ))[٩٤]. واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ نەهی کردووە لە پەنجەکردنی ئەڵقە و مستیلەی ئاسان.

٩. پۆشینی ئاڵتون بەیەك چارچەیی:

موعاویەی کوڕی ئەبو سفیان ﷺ دەفەرموێت: ((أَنْشُدُكُمُ اللهَ، أَتَعْلَمُونَ أَنَّ رَسُولَ اللهِ صلى الله عليه وسلم نَهَى عَنْ لُبْسِ الذَّهَبِ

(٩٢) انظر: غاية المرام (٤١١) للشيخ محمد ناصر الدين الألباني

(٩٣) أخرجه: البخاري (١٢٣٩)، ومسلم (٥٤٣٨)، ابن أبي شيبة (١٠٩٤٥)، وابن ماجه (٢١١٥)، والترمذي (١٧٦٠)، والنسائي (٢٠٧٧)، والبزار (٥٥٤).

(٩٤) أخرجه: البيهقي (شعب الأيمان) (6349)، وصححه الشيخ الألباني (الصحيحة) (١٢٤٢)، (صحيح الجامع) (٦٩٥٥).

إِلَّا مُقَطَّعًا؟ قَالُوا: اللهُمَّ نَعَمْ، قَالَ: وَأَنَا أَشْهَدُ))[٩٥]. واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ نەهی کردووە لە پۆشینی ئاڵتون بەیەك پارەچەیی. واتە زنجیری ئاڵتون، باش وایە یەك پارچە نەبێت بەڵکو کەرتێکی تێدا بیت و گەیەنری هەردوو بێت، یان بەزیو یان دەزو یان شتێکی تر بێت یاخود بەئاڵتونی کەم بەکاربهێنرێت.

١٠. بەکارهێنانی قژی دەستکرد و ناڕاست:

موعاویە ﷺ دەفەرموێت: ((نهى عَنْ الزور))[٩٦]. واتە: قژی ناراست و دەستکرد پێغەمبەری خوا ﷺ نەهی کردووە لەبەکارهێنانی.

١١. کوشتنی ژن ومنداڵ لەجەنگدا:

عەبدوڵڵای کوڕی عومەر ﷺ دەفەرموێت: ((أَنَّ النَّبِيَّ صلى الله عليه وسلم نَهَى عَنْ قَتْلِ النِّسَاءِ وَالصِّبْيَانِ))[٩٧]. واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ نەهی کردووە لەکوشتن ژن و منداڵ لەجەنگدا.

١٢. ژن داوا لەمێرد دەکەی بکات کە ژنەکەی تری تەڵاق بدات:

ئەبوهوڕیرە ﷺ دەفەرموێت: ((نَهَى أَنْ تَشْتَرِطَ الْمَرْأَةُ طَلَاقَ

---

(٩٥) أخرجه: أحمد (١٦٨٣٣) وقال محققوه: حديث صحيح لغيره، والطبراني (٨٢٩)، و صححه الشيخ الألباني في (صحيح النسائي) (٥١٥٩).

(٩٦) أخرجه: مسلم (٢١٢٧)، والطبرانى (المعجم الكبير) (٧٢٥)، والنسائي (٥٠٩٢).

(٩٧) أخرجه: البخاري (٣٠١٥)، ومسلم (١٧٤٤)، وأبو داود (٢٦٦٨)، والترمذي (١٥٦٩)، والنسائي في (السنن الكبرى) (٨٦١٨)، وابن ماجه (٢٨٤١)، وأحمد (٤٧٤٦) واللفظ له.

أُخْتِهَا))[٩٨]. واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ نەهی کردووە ژن داوا بکات و مەرجی دابنێت لەسەر مێردەکەی کە هاوسەرەکەی تری تەڵاق بدات.

١٣. هاوسەرگیری نەکردن بەبێ پاساو:

لە عائیشە دایکی ئیمانداران‌ەوە ﵂ دەفەرموێت: ((أَنَّ نَبِيَّ اللهِ صلى الله عليه وسلم نَهَى عَنِ التَّبَتُّلِ))[٩٩]. واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ نەهی کردووە لەشونەکردن و ژن نەهێنان بەبێ پاساو.

١٤. مارەکردنی کچ لەگەڵ پورەکەی:

نەهی کراوە بۆ پیاوێک کەوا کچێک لەگەڵ پورەکەی مارە بکات و هەردووکیان لە یەک کاتدا ببن بە هاوسەری، چونکە ئەمە دەبێتە هۆی پچڕاندنی سیلەی ڕەحم و نەمانی پەیوەندی خزمایەتی، ئەبو هوڕەیرە ﵁ دەفەرموێت: ((نَهَى رَسُولُ الله صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ أَنْ يَجْمَعَ الرَّجُلُ بَيْنَ الْمَرْأَةِ وَعَمَّتِهَا، وَبَيْنَ الْمَرْأَةِ وَخَالَتِهَا))[١٠٠]. واتە: (پێغەمبەری خوا ﷺ نەهی کردووە پیاوێك کچێك و پورەکەی لە دایکی یان لەباوکی بکاتە هاوسەری خۆی لەیەک کاتدا).

١٥. ژن بەژن:

ئەبو هوڕەیرە ﵁ دەفەرموێت: ((نَهَى رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ

(٩٨) أخرجه: البخاري (٥١٥٢) (٢٧٢٣)، ومسلم (١٤٠٨).
(٩٩) أخرجه: أحمد (٢٤٩٤٣) وقال محققوه: حديث صحيح، و النسائي (٣٢١٣)، وصححه الشيخ الألباني في (صحيح سنن النسائي) (٣٠١٣).
(١٠٠) أخرجه: مسلم (١٤٠٨).

وَسَلَّمَ عَنِ الشِّغَارِ[١٠١]))[١٠٢]. واتە: (پێغەمبەری خوا ﷺ نەهی کردووە لە ژن بەژن)، زەمانی نەفامی و پێش ئیسلام بەبێ مارەیی کراوە، ئەگەر مارەیشی تێدا بیت هەر باش نیە، زۆریشی تیابێ هەر دروست نیە چونکە کێشەی لێ دەکەوێتەوە، لە فەرموودەیەکی تردا پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: ((لَا شِغَارَ فِي الْإِسْلَامِ))[١٠٣]. واتە: (ژن بەژن نییە لە ئیسلامدا).

١٦. هاوسەرگیری موتعە:

ئیمامی عەلی بەئیبن و عەباسی فەموو ﷺ: ((إنَّ رسولَ اللهِ صلَّى اللهُ عليه وسلَّمَ نَهى عن نِكاحِ المُتْعَةِ))[١٠٤]. واتە: (پێغەمبەری خوا ﷺ نەهی کردووە لە هاوسەرگیری موتعە).

١٧. جووت بوون لەکۆمەوە لەگەڵ هاوسەردا:

جابر ﷺ دەفەرموێت: ((أَنَّ النَّبِيَّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ نَهَى عَنْ مَحَاشِّ النِّسَاءِ))[١٠٥]. واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ نەهی کردووە لەجووت بوون لەکۆمەوە لەگەڵ هاوسەردا.

---

(١٠١) الشغار: واتە: پیاوێک بە پیاوێک بڵێت زەواج لەگەڵ کچەکەم بکە، منیش زەواج لەگەڵ کچەکەت دەکەم، یاخود زەواج لەگەڵ خوشکەکەم بکە منیش زەواج لەگەڵ خوشکەکەت دەکەم.

(١٠٢) أخرجه: البخاري (٥١١٢)، ومسلم (١٤١٦).

(١٠٣) أخرجه: مسلم (١٤١٥).

(١٠٤) أخرجه: البخاري (٥١١٥)، ومسلم (١٤٠٧)، والترمذي (١١٢١)، والنسائي (٤٣٣٤)، وابن ماجه (١٩٦١)، وأحمد (٥٩٢) واللفظ له.

(١٠٥) أخرجه: الطبراني (الأوسط) (٧٧٢٢)، و المنذري (١٩٩/٣)، وصححه الشيخ الألباني في (الصحيحة) (٢٣٩٩)، و(صحيح الجامع) (٦٩٨٠).

نەهی لێکراوەکانی بواری کشتوکاڵ و باخداری

١. دروێنەی کشتوکاڵ و لێکردنەوەی بەری دارەکان بەشەو:

حەسەنی کوڕی عەلی ﷺ بەکەسێکی وت کە بەشەو بەری دارخورماکانی دەڕنی: ((أَلَمْ تَعْلَمْ أَنَّ رَسُولَ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ نَهَى عَنْ جِدَادِ اللَّيْلِ وَحَصَادِ اللَّيْلِ))[١٠٦]. واتە: (ئایا نازانی کە پێغەمبەری خوا ﷺ نەهی کردووە کە بەشەو بەری دارەکان بڕنی. هەروەها دروێنەکردن بەشەو).

سوفیانی سەوری ﷺ دەفەرموێت: (حَتَّى يَكُونَ بِالنَّهَارِ، وَيَحْضُرُهُ الْمَسَاكِينُ)[١٠٧]. واتە: دروێنە لەڕۆژدا بکرێت باشترە بۆ ئەوەی فەقیرەکان ئامادە بن و بەشی خۆیان وەربگرن.

جەعفەری صادق ﷺ دەفەرموێت: (أُرَاهُ مِنْ أَجْلِ الْمَسَاكِينِ)[١٠٨]. واتە: دروێنە لەڕۆژدابکرێت باشترە لەپێناوی ئەوەی هەژارەکانیش بەشی خۆیان وەرگرن.

---

(١٠٦) أخرجه: البيهقي في (السنن الكبرى) (١٩٢٠٠) وصححه الشيخ الألباني في (الصحيحة) (٢٣٩٣)و (صحيح الجامع) (٦٨٧٢).

(١٠٧) نفس المصدر.

(١٠٨) أخرجه: البيهقي في (السنن الكبرى) (٧٥١١) وصححه الشيخ الألباني في (الصحيحة) (٢٣٩٣).

٢. ئەم جۆرە مامەڵانەش حەرام کراون (المُحَاقَلَة، وَالمُخَاضَرَة، وَالمُلَامَسَة، وَالمُنَابَذَة، وَالمُزَابَنَة):

ئەنەسی کوڕی مالک ﷺ دەفەرموێت: ((نَهَى رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ عَنِ المُحَاقَلَة، وَالمُخَاضَرَة، وَالمُلَامَسَة، وَالمُنَابَذَة، وَالمُزَابَنَة))[١٠٩]. واتە: (پێغەمبەری خوا ﷺ نەهی کردووە لە (المُحَاقَلَة[١١٠]، وَالمُخَاضَرَة[١١١]، وَالمُلَامَسَة[١١٢]، وَالمُنَابَذَة[١١٣]، وَالمُزَابَنَة[١١٤])). لەبەرئەوەی ئەم کارانە هەموویان جۆرێک لە فێڵ وزیادەیی تێدایە، یاخود نازانرێت کە ئایە ئەو شتەی دەیکڕی بڕ و چۆنیەتیەکەی چۆنە، بۆیە پێغەمبەری خوا ﷺ نەهی لێ کردوون.

---

(١٠٩) أخرجه: البخاري (٢٢٠٧).

(١١٠) المحاقلة: واتە: فرۆشتنی گەنم پێش ئەوەی بدورێتەوە بەگەنمی صافی، بۆ نمونە کەسێک بڵێت ئەم پەڵە گەنمە بە (٥) تەن گەنمی صافی پێ دەفرۆشم.

(١١١) المخاضرة: بریتییە لە فرۆشتنی میوە پێش ئەوەی پێبگات و لە ئافەت و بەڵا دەربچێت.

(١١٢) الملامسة: بریتییە لە کڕین و فرۆشتنی کاڵا تەنها بەدەست لێدان، بۆ نمونە کڕینی پۆشاکێک بەتەنها دەست لێ دان بێ ئەوەی سەیری بکرێت.

(١١٣) المنابذة: بریتییە لە کڕین و فرۆشتنی کاڵا بەبێ بینین و سەیر کردن، بۆ نمونە کەسێک بڵێت: لەم پارچە زەویە ئەو بەردە هەڵدەدەم گەیشت بە کوێ تا ئەو شوێنە بەم مەبلەغە پێت دەفرۆشم.

(١١٤) المزابنة: بریتییە لە گۆڕینەوەی خورمای وشک بە خورمای تەڕ بەهەمان وەزن، یاخود گۆڕینەوەی مێوژ بە ترێ لەکاتێکدا هەمان وەزن بێت.

٣. کارکردن لە زەوییەك بە کرێی بەرهەمەکەی:

یەکێکی تر لەو کارانەی کەوا پێغەمبەری خوا ﷺ نەهی لێ کردووە بریتییە لە کارکردن لە زەوییەک بەکرێی بەرهەمەکەی، بۆ نمونە بە کەسێک بڵێی ئەم زەویە کشتوکاڵیە بکە لە بەرهەمەکەی بڕێک دیاری بکرێت وەک کرێ، جابر ﷺ دەفەرموێت: ((أَنَّ النَّبِيَّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ نَهَى عَنِ الْمُخَابَرَةِ[١١٥]))[١١٦]. واتە: (پێغەمبەری خوا ﷺ نەهی کردووە لە الْمُخَابَرَةِ)، ئەمەش بەهۆی ئەوەی کە دیار نییە ئەم زەویە بەرهەمی چەندە، چونکە ئەم کارە جۆرێک لە نادیاری تێدایە.

٤. بەکرێدانی زەوی بە بەرهەمەکەی:

پێغەمبەری خوا ﷺ نەهی لێکردووە لە بەکرێدانی زەوی بەبەرهەمەکەی، واتا زەویەکی کشتوکاڵی بدەیت بە کەسێک و لە بەرهەمەکەی حەقەکەی بدەیت، سابتی کوڕی زوحاک ﷺ دەفەرموێت: ((أَنَّ رَسُولَ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ نَهَى عَنِ الْمُزَارَعَةِ))[١١٧]. واتە: (پێغەمبەری خوا ﷺ نەهی کردووە لە بەکرێدانی زەوی بە بەرهەمەکەی)، ئەمەش لەبەرئەوەی نازانرێت ئەو زەویە ئایە بەرهەمی دەبێت، یاخود نا، وە ئایا بەرهەمەکەی چەند دەبێت.

---

(١١٥) المخابرة: بریتییە لەوەی کەسێک لە زەوییەک کاربکات بە کرێی ئەو بەرهەمەی کە لە زەویەکە هەڵی دەگرێت.

(١١٦) أخرجه: مسلم (١٥٣٦).

(١١٧) أخرجه: مسلم (١٥٤٩).

٥. فرۆشتنی بەرهەمی چەند ساڵێکی زەوی و زار:

جابر ﷺ دەفەرموێت: ((نَهَى النَّبِيُّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ عَنْ بَيْعِ السِّنِينَ))[١١٨]. واتە: (پێغەمبەری خوا ﷺ نەهی کردووە لەفرۆشتنی بەرهەمی ئەو زەویە بۆ ماوەی چەندەها ساڵی دواتر)، واتە فرۆشتنی بەرهەمی چەند ساڵێکی باخێک ئەمەش نادیاری و ناڕوونی تێدایە لە بەرهەمی ئەو باخە بۆیە پێغەمبەری خوا ﷺ نەهی لێکردووە.

(١١٨) أخرجه: مسلم (١٥٣٦).

نەهی لێکراوەکانی بواری کڕین و فرۆشتن

١. نرخ بەرزکردنەوە بەسەر یەکتریدا:

پێغەمبەری خوا ﷺ نەهی کردووە لەوەی کەوا نرخی شتومەکێک بەسەر برایەکی موسڵمانت دا بەرز بکەیتەوە، ئیبن عومەر ﷺ دەفەرموێت: ((نَهَى النَّبِيُّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ عَنِ النَّجْشِ))[١١٩]. واتە: (پێغەمبەری خوا ﷺ نەهی کردووە لە بەرزکردنەوەی نرخ بەسەر یەکتریەوە بەبێ مەبەستی کڕین)، وە ئێستا لەبازاڕدا و بەتایبەت لە پێشانگاکانی کڕین و فرۆشتنی سەیارە ئەم جۆرە مامەڵەیە زۆرە، جاری وا هەیە کابرا مەبەستیشی کڕین نییە، بگرە جار هەیە لەگەڵ فرۆشیار شەریکن و نرخ بەرز دەکەنەوە بەسەر کڕیاردا، بۆیە ئەم مامەڵەیە دروست نییە و نەهی لێکراوە و حەرامە.

٢. فرۆشتنی مەڕی زیندوو بەگۆشت:

فرۆشتنی مەڕی زیندوو بە گۆشت، یەکێکی ترە لەو کارانەی کەوا پێغەمبەری خوا ﷺ نەهی لێکردووە، سەموڕە ﷺ دەفەرموێت: ((أَنَّ النَّبِيَّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ نَهَى عَنْ بَيْعِ الشَّاةِ بِاللَّحْمِ))[١٢٠]. واتە: (پێغەمبەری خوا ﷺ نەهی کردووە لە فرۆشتنی مەڕ بە گۆشت).

---

(١١٩) أخرجه: البخاري (٢١٤٢).

(١٢٠) أخرجه: الحاكم في (المستدرك على الصحيحين) (٢٢٥١)، وحسنه الشيخ الألباني في (صحيح الجامع الصغير) (٦٩٣٣).

٣. کڕینی شت و مەك لە کەسێك کە نرخی بازاڕ نازانێت:

یەکێکی تر لەو کارانەی کەوا پێغەمبەری خوا ﷺ نەهی لێکردووە بریتییە لە پێش پێگرتن و کڕینی کەل و پەل لە کەسێک کە نرخی بازاڕ نازانێت، بۆ نمونە کەسێک لە گوندێکەوە شتومەکێکی پێیە و دەیەوێت بێت لەشار بیفرۆشێت، ئاگای لە نرخی شار نییە، پێش ئەوەی بگاتە شارەکە کەسێک ڕێگەی پێ دەگرێت و کەل و پەلەکەی لێ دەکڕێت بە نرخێکی کەمتر، ئەم کارە نەهی لێکراوە چونکە جۆرێک لە فێڵی تێدایە، ئیبن عەباس ﷺ دەفەرموێت: ((نَهَى رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ أَنْ يُتَلَقَّى الرُّكْبَانُ))[١٢١]. واتە: (پێغەمبەری خوا ﷺ نەهی کردووە لە کڕینی کەل وپەل لە کەسێک کەوا نرخەکەی نازانێت).

٤. فرۆشتنی (سەگ، پیشلە) وە فرۆشتنی خوێن:

کڕین و فرۆشتنی سەگ و پیشلە لەو کارانەن کەوا پێغەمبەری خوا ﷺ نەهی لێکردووە، ئەبی مەسعودی ئەنصاری ﷺ دەفەرموێت: ((أَنَّ رَسُولَ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ نَهَى عَنْ ثَمَنِ الْكَلْبِ))[١٢٢]. واتە: (پێغەمبەری خوا ﷺ نەهی کردووە لە فرۆشتنی سەگ.

لە فەرموودەیەکی تردا جابر ﷺ دەفەرموێت: ((أَنَّ النَّبِيَّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ نَهَى عَنْ ثَمَنِ الْكَلْبِ، وَنَهَى عَنْ ثَمَنِ السِّنَّوْرِ))[١٢٣]. واتە:

(١٢١) أخرجه: البخاري (٢٢٧٤).

(١٢٢) أخرجه: مسلم (١٥٦٧).

(١٢٣) أخرجه: مسلم (١٥٦٩)، وابن حبان (٤٩٤٠)، والبيهقي (١٠/٦).

پێغەمبەری خوا ﷺ نەهی کردووە لەکڕین وفرۆشتنی سەگ (بێجگە سەگی راو کەرێگە پێداروە) و پشیلە. واتە: (پێغەمبەری خوا ﷺ نەهی کردووە لە فرۆشتنی سەگ و پیشلە).

هەروەها لە فەرموودەیەکی تردا هاتووە: ((إِنَّ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ نَهَى عَنْ ثَمَنِ الدَّمِ، وَثَمَنِ الكَلْبِ))[١٢٤]. واتە: (پێغەمبەری خوا ﷺ نەهی کردووە لە فرۆشتنی خوێن، هەروەها فرۆشتنی سەگ) مەگەر سەگی ڕاو یان تایبەت بەپاسەوانی.

٥. فرۆشتنی شەڕاب:

فرۆشتنی شەڕاب نەهی لێکراوەکان، ئیبن عەباس ﷺ دەفەرموێت: ((نَهَى رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ عَنْ ثَمَنِ الْخَمْرِ))[١٢٥]. واتە: (پێغەمبەری خوا ﷺ نەهی کردووە لە فرۆشتنی شەڕاب).

لە فەرموودەیەکی تردا کە هەڕەشەیەکی زۆر تێدایە، پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: ((لَعَنَ اللَّهُ الْخَمْرَ، وَشَارِبَهَا، وَسَاقِيَهَا، وَبَائِعَهَا، وَمُبْتَاعَهَا، وَعَاصِرَهَا، وَمُعْتَصِرَهَا، وَحَامِلَهَا، وَالْمَحْمُولَةَ إِلَيْهِ))[١٢٦]. واتە:

---

(١٢٤) أخرجه: البخاري (٥٩٤٥).

(١٢٥) أخرجه: أحمد (٢٦٢٦)وقال محققوه: إسناده صحيح، و أبو داود (٣٤٨٢) باختلاف يسير، والنسائي (٤٦٦٧) بنحوه مختصراً، وصححه الشيخ الألباني في (صحيح الجامع الصغير) (٦٩٤٨).

(١٢٦) أخرجه: أبي داود (٣٦٧٤)، وصححه الشيخ الألباني في (صحيح الجامع الصغير) (٥٠٩١).

(خودا لەعنەتی کردووە لە شەراب، وە ئەوەی دەیخواتەوە، وە ئەوەی دەیگێڕێت، وە ئەو کەسەی دەیکڕێت، وە ئەوەی دەیفرۆشێت، ئەوەی دەیگوشێت، وە ئەوەی باری دەکات، وە ئەوەی بۆی بار دەکرێت).

٦. کڕین و فرۆشتن بەسەر یەکتردا مەکەن:

یەکێکی تر لەو کارانەی نەهی لێکراوە بریتییە لە کڕین و فرۆشتن بەسەر یەکەوە، ئەبو هورەیرە ﷺ دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: ((وَلاَ يَبِيعُ الرَّجُلُ عَلَى بَيْعِ أَخِيهِ، وَلاَ يَخْطُبُ عَلَى خِطْبَةِ أَخِيهِ))[١٢٧]. واتە: (هیچ یەکێک لەئێوە کڕین نەکات لەسەر کڕینی براکەی، وە داوای هاوسەرگیری لە ئافرەتێک مەکە ئەگەر دەزانی براکەت پێش تۆ داوای کردووە و چاوەڕێ وەڵامە)، واتە کاتێک کەسێک بەنیازی کڕینی شتێکە تۆ نەچیت سەر مامەڵەکەی ئەو.

٧. فرۆشتنی ئاژەڵ بەئاژەڵ بەقەرز:

سەموڕە ﷺ دەفەرموێت: ((عَنِ النَّبِيِّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: أَنَّهُ نَهَى عَنْ بَيْعِ الْحَيَوَانِ بِالْحَيَوَانِ نَسِيئَةً))[١٢٨]. واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ نەهی کردووە لەفرۆشتنی ئاژەڵ بەئاژەڵ بەقەرز.

---

(١٢٧) أخرجه: البخاري (٢١٤٠).

(١٢٨) أخرجه: أحمد (٢٠٢٦٤) وقال محققوه: حسن لغيره ، وأبوداود (٣٣٥٦)، والترمذي (١٢٣٧)، والطبراني (المعجم الكبير) (٦٨٤٨)، والخطيب البغدادي (تاريخ بغداد) (٣٥٤/٢)، وصححه الشيخ الألباني في (صحيح الجامع) (٦٩٣٠)، و (المشكاة) (٢٨٢٢).

٨. فرۆشتنی ئالتون بەزیو بەقەرز:

زەیدی کوڕی ئەرقەم و بەرائی کوڕی عازب ﷺ دەفەرموون: ((نَهَى رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ عَنْ بَيْعِ الذَّهَبِ بِالْوَرِقِ دَيْنًا))[١٢٩]. واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ نەهی کردووەلەفرۆشتنی ئالتون بەزیو بەقەرز.

٩. پارەدان بەفالچی:

ئەبو مەسعود ﷺ دەفەرموێت: ((«عَنِ النَّبِيِّ عليه السلام نَهَى عَنْ حُلْوَانِ الْكَاهِنِ))[١٣٠]. واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ نەهی کردووە لەپارەدان بەفالگرەوە و جادووباز.

١٠. پارەوەگرتن لەپەڕاندنی ئاژەڵی نێر لە مێ و وەگرتنی مەنی ئاشەوان:

ئەبو سەعیدی خودری ﷺ دەفەرموێت: ((نُهِيَ عَنْ عَسْبِ الْفَحْلِ وَعَنْ قَفِيزِ الطَّحَّانِ))[١٣١]. واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ نەهی کردووە لەپارەوەگرتن لەبەرامبەر پەڕاندنی ئاژەڵی نێر لەمێ وەنەهی کردووە لەوەی ئاشەوان مەنێك (پێوانەیەکە لەکۆندا بەکار هاتووە) لە باراشەکە

---

(١٢٩) أخرجه: البخاري (٢١٨٠)، ومسلم (١٥٨٩) (٨٧)، والطحاوي في (شرح مشكل الآثار) (٦٠٦١) و (٦٠٦٢)، والبيهقي في (السنن) (٥/ ٢٨١)، وفي (معرفة السنن والآثار)(١١٠٥٢).

(١٣٠) أخرجه: أخرجه البخاري (٥٣٤٦)، ومسلم (١٥٦٧).

(١٣١) أخرجه: الدارالقطني (٤٧/٣)(١٩٥)، و البيهقي (١٠٦٣٦)، وأبو يعلى (١٠٢٤)، وصححه الشيخ الألباني (الأرواء)(١٤٧١)، (صحيح الجامع) (٦٩٦٧).

وەربگرێت لەگەڵ وەرگرتنی کرێ تایبەتی خۆی.

١١. قەرز و فرۆشتن بەیەکەوە و دوو مەرج لەیەک فرۆشتندا و فرۆشتنی و قازانج وەرگرتنی شتێك کە لات نیە:

حەکیمی کوڕی حوزام ﷺ دەفەرموێت: ((نَهَى عَنْ سَلَفٍ، وَبَيْعٍ، وَشَرْطَيْنِ فِي بَيْعٍ، وَبَيْعِ مَا لَيْسَ عِنْدَكَ، وَرِبْحِ مَا لَمْ تَضْمَنْ))[١٣٢]. واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ نەهی کردووە لە قەرز و فرۆشتن بەیەکەوە لەیەك مامەڵەدا، وەنەهی کردووە لەدوو مەرج لەیەك کاتدا (واتە: بەحازرو بەقەرز) وەنەهی کردووە لە فرۆشتنی کاڵایەك کە هی تۆ نیە یاخود لەلات دەست ناکەوێت، وەنەهی کردووە لەقازانج وەرگرتن لەکاڵایەك کە تۆ نەبوویتە خاوەنی و ناتوانی بیدەیتە فرۆشیار.

١٢. کەسابەتی کەڵەشاخگرتن:

ئەبو مەسعود ﷺ دەفەرموێت: ((نَهَى عَنْ كَسْبِ الحَجَّامِ))[١٣٣]. واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ نەهی کردووە لەپیشەی کەڵەشاخگرتن. (مەگەر ئەو کەسە کۆمەڵگا کە پێویستیان پێی بێت. (والله أعلم)).

---

(١٣٢) أخرجه: النسائي (٣٦٤١) واللفظ له، وابن ماجه (٢١٨٨) مختصراً، وأحمد (٦٩١٨) باختلاف يسير. وصححه الشيخ الألباني في (صحيح النسائي) (٤٦٤٥)، و (صحيح الجامع) (٦٩٥٩).

(١٣٣) أخرجه: البزار (٩٢٨٦)،والطبراني (المعجم الكبير) (٢٨٧)، وصححه الشيخ الألباني في (صحيح الجامع) (٦٩٧٦).

١٣. زوڕنا لێدان:

ئەبوهوڕیرە ﷺ دەفەرموێت: ((نَهَى عَنْ كَسْبِ الزَّمَّارَةِ))[١٣٤]. واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ نەهی کردووە لەپیشەی زوڕنا لێدان.

١٤. بەفیڕۆدانی سامان:

موغەیری کوڕی شوعبە ﷺ دەفەرموێت: ((نَهى رسولُ اللهِ صلَّى اللهُ عليْهِ وسلَّمَ عن إضاعةِ المالِ))[١٣٥]. واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ نەهی کردووە لە بەفیڕۆدانی سامان.

١٥. شەیدابوون و زێدەڕەوی لەبایەخدان بەسامان:

ئیبن و مەسعود ﷺ دەفەرموێت: ((نَهَى عَنِ التَّبَقُّرِ فِي المَالِ))[١٣٦] پێغەمبەری خوا ﷺ نەهی کردووە لە زێدەڕەوی لەبایەخدان بەسامان کۆکردنەوە.

---

(١٣٤) أخرجه: الترمذي (١٢٨١) وصححه الشيخ الألباني في (الصحيحة) (٣٢٧٥).

(١٣٥) أخرجه: ابن حزم (الملحى) (٢٨٤/٨) وقال محققه حديث صحيح.

(١٣٦) أخرجه: أخرجه أحمد (١/ ٤٣٩)، والطيالسي (٣٨٠)، والبيهقي في الشعب (١٠٣٩٠)، صححه الشيخ الألباني في (الصحيحة) (١٢)، و(صحيح الجامع) (٦٨٦٨).

نەهی لێکراوەکانی بواری ڕوقیە و چارسەر

١. دروستکردنی دەرمان لەشتی پیس:

دروست کردنی دەرمان لە شتی پیس لە نەهی لێکراوەکانی، ئەبو هوڕەیرە ﷺ دەگێڕێتەوە لە پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: ((نَهَى رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ عَنِ الدَّوَاءِ الْخَبِيثِ))[١٣٧]. واتە: (پێغەمبەری خوا ﷺ نەهی کردووە لە دروست کردنی دەرمان لە شتی پیس).

ئیبن و قەیم ﷺ دەفەرموێت: (هەر شتێک خوای گەورە لەسەر ئەم ئوممەتە حەڕامی کردبێت لەبەر پیسیەکەی ئەوە دیارە کە حەرامە بۆ چارەسەریش)[١٣٨].

وە ئیبنو مەسعود ﷺ دەفەرموێت: (إِنَّ اللَّهَ لَمْ يَجْعَلْ شِفَاءَكُمْ فِيمَا حَرَّمَ عَلَيْكُمْ)[١٣٩]. واتە: (خوای گەورە شیفای نەناردووە لەشتێک کەوا لەسەری حەڕام کردبن)، کەواتە بەکارهێنانی شتی حەڕام و پیس بۆ مەبەستی شیفا و چارەسەر دروست نییە، هەرچەندە خوای گەورە شتی پیس ناکتە شیفا.

---

(١٣٧) أخرجه: أحمد (٨٠٤٨)وقال محققوه: إسناده حسن، وصححه الألباني في (مشكاة المصابيح) (٤٥٣٩).

(١٣٨) انظر: الطب النبوي لابن القيم (١١٥).

(١٣٩) أخرجه: البخاري باب شراب الحلواء والعسل (١١٠/٧).

٢. ڕوقیەی ناشەرعی و هەڵواسینی نوشتە بۆ چاوەزار، هەروەها سیحر کردن بۆ خۆشەویستی:

ڕوقیەی شەرعی دروستە و ڕێگەی پێدراوە، بەڵام ڕوقیەی ناشەرعی (وەکو داواکردن لە جنۆکە و شەیاتینەکان و پەناگرتن پێیان) هەروەها هەڵواسینی نوشتە بۆ چاوەزار و سیحرکردن بۆ خۆشەویستی لەنێوان ژن و پیاو، هەموو یەکێک لەو شتانەی پێغەمبەری خوا ﷺ نەهی لێکردووە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی واتە شەریک و هاوەڵ بڕیاردانن بۆ خوای گەورە، وە خاوەنەکەی بەهەمیشەیی لە ئاگری دۆزەخ دا دەمێنێتەوە.

ئیبن مەسعود رضي الله عنه دەفەرموێت: ((نَهى عنِ الرُّقى والتَّمائمِ والتِّوَلةِ))[١٤٠] واتە: (پێغەمبەری خوا ﷺ نەهی کرادووە لە ڕوقیەی ناشەرعی، وە هەڵواسینی نوشتە بۆ چاوەزار، وە سیحری خۆشەویستی نێوان پیاو و ئافرەت).

لە فەرموودەیەکی تردا پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: ((إِنَّ الرُّقَى، وَالتَّمَائِمَ، وَالتِّوَلَةَ شِرْكٌ))[١٤١]. واتە: (ڕوقیەی ناشەرعی، وە هەڵواسینی هەر شتێک بۆ چاوەزار ـ نوشتە، نالّی گوێ درێژ، موروە شینکە، پەڕۆ

(١٤٠) أخرجه: الحاكم (٤/٢١٧)، وصححه الشيخ الألباني في (صحيح الجامع الصغير) (٦٨٨٠).

(١٤١) أخرجه: أحمد (٣٦١٥) وقال محققه: إسناده صحيح، وأبو يعلى (٥٢٠٨)، والطبراني (المعجم الكبير) (١٠٥٠٣)، والبيهقي (السنن الصغير) (٣١٠٠)، وصححه الشيخ الألباني في (صحيح الجامع الصغير) (١٦٣٢).

و دارو بەرد) ـ وە سیحرکردن بۆ خۆشەویست بوونی ژن و پیاو لای یەکتری هەموو ئەوانە شیرکە و هاوەڵ بڕیاردانە بۆ خوا.

٣. داخ کردن بەمەبەستی چارەسەر:

داخکردن بۆ مەبەستی چارەسەر یەکێکی ترە لەوکارانەی کەوا پێغەمبەری خوا ﷺ نەهی لێکردووە، پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: ((الشِّفَاءُ فِي ثَلاثَةٍ: فِي شَرْطَةِ مِحْجَمٍ، أَوْ شَرْبَةِ عَسَلٍ، أَوْ كَيَّةٍ بِنَارٍ، وَأَنَا أَنْهَى أُمَّتِي عَنِ الكَيِّ))[١٤٢]. واتە: (شیفا لەسێ شت دایە، حجامە ـ کەڵەشاخ ـ گرتن، وە خواردنەوەی هەنگوین، وە داخ کردن بە ئاگر، بەڵام من نەهیم کردووە لە داخ کردن بەئاگر لەسەر ئوممەتەکەم)، یەکێك لەو مەرجانەی کەوا بەبێ لێپرسینەوەی مرۆڤی پێ دەچنە بەهەشتەوە ئەوەیە کەوا داخکردنی بەمەبەستی چارەسەر بەکار نەهێنابێت[١٤٣].



(١٤٢) أخرجه: البخاري (٥٦٨١).

(١٤٣) أخرجه: البخاري (٥٧٥٢).

نەهی لێکراوەکانی بواری کۆڕ و مەجلیس و دانیشتنەکان

١. حەریر بۆ دۆشەك و شوێنی دانیشتن:

بەکارهێنانی حەریر بۆ دانیشتن و دۆشەک لەلایەن پیاوانەوە یەکێکی تر لەو کارانەی کەوا پێغەمبەری خوا ﷺ نەهی لێکردووە، عەلی کوڕی ئەبی تالێب ﷺ دەفەرموێت: ((نَهَانِي - يَعْنِي النَّبِيَّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ - أَنْ أَجْعَلَ خَاتَمِي فِي هَذِهِ، أَوِ الَّتِي تَلِيهَا، وَنَهَانِي عَنْ لُبْسِ الْقَسِّيِّ(١٤٤)، وَعَنْ جُلُوسٍ عَلَى الْمَيَاثِرِ(١٤٥))(١٤٦). واتە: (پێغەمبەری خوا ﷺ نەهی لێکردم کە موستیلە بخەمە پەنجەی شایەتومان یان ئەوەی تەنیشتی ـ مەبەست پێی پەنجەی باڵا بەرزەیە ـ، وە نەهی لێم کردووە لە پۆشینی جۆرە جل و بەرگێک کە لە کەتان و حەریر دروست کراوە (واتە: بۆ پیاوان)، وە دانیشتن لەسەر جۆرە فەرشێک کە لە حەریر دروستکراوە).

هەروەها لە فەرموودەیەکی تردا نەهی کردووە لەپیاوان کەوا جل و بەرگێک بپۆشن کە لە حەریر دروستکراوە، بەڵائی کوڕی عازب ﷺ

---

(١٤٤) القسی: جۆرە جل و بەرگێکە لە کەتان و حەریر دروست دەکرێت، وە لەوڵاتی مصر و شام دروست دەکرێت و دەڕازێنرێتەوە. (سەیری المعجم الوسیط بکە (٧٣٤/٢).

(١٤٥) المیاثر: جۆرە فەرشێکە کە عەجەم دروستیان کردووە، لەسەر پشتی وڵاخ دانراوە وەکو زین، لە حەریر دروستکراوە.

(١٤٦) أخرجه: مسلم (٢٠٧٨).

دەفەرموێت: أَمَرَنَا رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بِسَبْعٍ ، وَنَهَانَا عَنْ سَبْعٍ : ... وَعَنْ لُبْسِ الْحَرِيرِ ...))[١٤٧]. واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانی پێ کردین بە حەوت شت وە نەهیشی لێکردین لە حەوت شت، یەکێک لەو حەوت شتەی کەوا پێغەمبەری خوا ﷺ نەهی لێکردووە بریتییە لە لەبەرکردنی پۆشاکی دروستکراو لە حەریر بۆ پیاوان.

هەروەها لە فەرمودەیەکی تردا پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: ((لاَ تَشْرَبُوا فِي آنِيَةِ الذَّهَبِ وَالفِضَّةِ، وَلاَ تَلْبَسُوا الحَرِيرَ وَالدِّيبَاجَ، فَإِنَّهَا لَهُمْ فِي الدُّنْيَا وَلَكُمْ فِي الآخِرَةِ))[١٤٨]. واتە: (مەخۆنەوە لە دەفرێک کەوا لە زێڕ و زیو دروستکرابێت، وە پۆشاکی حەریر و دیباج مەپۆشن، ئەمانە لە دونیا بۆ کافرەکانە، وە لە دوا ڕۆژیش بۆ ئێوەیە)، بێگومان پۆشینی حەریر تەنها بۆ پیاوان نەهی لێکراوە و بۆ ئافرەتان هیچ کێشەیەکی نییە.

٢. دانیشتن لەشوێنێک کە نیوەی هەتاوە و نیوەی سێبەرە:

دانیشتنە لە شوێنێک کە نیوەی سێبەرو نیوەی هەتاو بێت، واتە نیوەی جەستەت بکەوێتە سێبەر و نیوەکەی تر لە هەتاو بێت، (أَنَّ النَّبِيَّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ نَهَى أَنْ يُجْلَسَ بَيْنَ الضِّحِّ وَالظِّلِّ)[١٤٩]. واتە: (پێغەمبەری خوا ﷺ قەدەغەی کردووە لە دانیشتن لە شوێنێک کە نیوەی لاشەت لە

(١٤٧) أخرجه: البخاري (٥٦٣٥).

(١٤٨) أخرجه: البخاري (٥٦٣٣).

(١٤٩) أخرجه: أحمد (١٥٤٢١) وقال محققه: اسناده جيد، وصححه الألباني في (صحيح الجامع الصغير) (٦٨٢٣).

سێبەر و نیوەکەی تری لەبەر هەتاو بێت)، وە لە فەرموودەدا هاتووە کە ئەو شوێنە شوێنی دانیشتنی شەیتانە، وەك ئەبوهوڕەیرە ﷺ دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ((إِذَا كَانَ أَحَدُكُمْ فِي الشَّمْسِ»، وَقَالَ مَخْلَدٌ: «فِي الْفَيْءِ فَقَلَصَ عَنْهُ الظِّلُّ، وَصَارَ بَعْضُهُ فِي الشَّمْسِ، وَبَعْضُهُ فِي الظِّلِّ فَلْيَقُمْ))[١٥٠]. واتە: (ئەگەر لە شوێنێك دانیشتن کە سێبەر بوو دوایی سێبەرەکە ڕۆیشت و هەندێك بەشی لەشت کەوتە بەر سێبەرو هەندێکیشی کەوتە بەر هەتاوەکە، ئەوا لەو شوێنە هەستەو بەجێی بهێڵە)، واتە یان بە تەواوی بچۆرە بەر سێبەرەکە یان بە تەواوی بچۆرە بەر هەتاوەکە چونکە شەیتان زۆر حەزی لەدانیشتنە لە نێوان سێبەرو هەتاودا.

٣. لە مجلیسێکدا نابێت کەسێك هەڵبستێنی و خۆت لەشوێنی دابنیشیت:

هەڵساندنی کەسێک لە دانیشتنێکدا بۆ ئەوەی خۆت لە شوێنی ئەو دابنیشیت یەکێکی تر لەو کارانەی کەوا پێغەمبەری خوا ﷺ قەدەغەی کردووە. ئیبن عومەر ﷺ دەفەرموێت: ((أَنَّهُ نَهَى أَنْ يُقَامَ الرَّجُلُ مِنْ مَجْلِسِهِ وَيَجْلِسَ فِيهِ آخَرُ))[١٥١]. واتە:(پێغەمبەری خوا ﷺ نەهی کردووە لەو کەسەی کە یەکێك لەشوێنەکەی هەڵسێنی و یەکێکی تر دانیشێت لە

(١٥٠) أخرجه: أحمد (٢/ ٣٨٣)، والحميدي (١١٣٨)، أبو داود (٤٨٢١)، والفاكهي في (أخبار مكة) (٦٦)، والبزار (٨٨٠٩)، وصححه الألباني في (سلسلة الأحاديث الصحيحة) (٨٣٧).

(١٥١) أخرجه: البخاري (٦٢٧٠).

جێگاکەی)، بەڵکو پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانی پێکردووین کەوا کۆڕ و دانیشتنەکانمان فراوان بکەین بۆ ئەوەی جێگەی خەڵکێکی زۆرتر ببێت.

٤. گۆڕگرتن یان چوونە نێوان دوو کەسەوە بەبێ ڕازامەندیان:

یەکێکی تر لەو کارانەی کەوا پێغەمبەری خوا ﷺ قەدەغەی کردووە بریتییە لەوەی کە بچێتە نێوان دوو کەسەوە یاخود گوێیان لێ بگریت بەبێ ڕەزامەندیان، هاوەڵێ پایە بەرز عەبدوڵڵای کوڕی عومەر ﷺ دەفەرموێت: (نَهَى رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ أَنْ يَجْلِسَ الرَّجُلُ بَيْنَ الرَّجُلَيْنِ إِلَّا بِإِذْنِهِمَا)[١٥٢]. واتە: (پێغەمبەری ئازیز ﷺ قەدەغەی کردوە کە گوێ لە دووکەس بگرین یاخود بچینە نێوانیانەوە تەنها بە ڕەزامەندی خۆیان نەبێت).

٥. خەوتن لەپێش نوێژی عیشا، وە دانیشتن لەدوای نوێژی عیشا:

ئەبی بەرزەی ئەسلەمی ﷺ دەفەرموێت: ((أَنَّ النَّبِيَّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ نَهَى عَنِ النَّوْمِ قَبْلَ الْعِشَاءِ وَالْحَدِيثِ بَعْدَهَا))[١٥٣]. واتە: (پێغەمبەری خوا ﷺ نەهی کردووە لە خەوتنی پێش نوێژی عیشا، وە دانیشتن و دەمە تەقێ لەدوای نوێژی عیشا).

(١٥٢) أخرجه: الطبراني في (المعجم الأوسط) (٣٦٥٢)، وحسنه الشيخ الألباني في (صحيح الجامع الصغير) (٦٨٢١).

(١٥٣) أخرجه: الطبراني في (المعجم الأوسط) (٩٢٣٨)، وصححه الشيخ الألباني في (صحيح الجامع الصغير) (٦٩١٥).

وە لە فەرموودەیەکی تردا ئەبی بەرزە ﷺ دەفەرموێت: ((يَكْرَهُ النَّوْمَ قَبْلَ العِشَاءِ وَالحَدِيثَ بَعْدَهَا))[١٥٤]. واتە: (پێغەمبەری خوا ﷺ حەزی بە خەوتنی پێش نوێژی عیشا و قسەکردنی دوای نوێژی عیشا نەدەهات).

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَجَعَلْنَا نَوْمَكُمْ سُبَاتًا * وَجَعَلْنَا ٱلَّيْلَ لِبَاسًا ﴾ (نبأ: ٩-١٠)، واتە: (ئایا خەوتنمان بۆ نەکردوون بەهۆی سرەوتن؟ وە ئایا شەوگارمان بۆ نەکردوون بە داپۆشەر وەک پۆشاک تا تیایدا بشاردرێنەوە؟).

لە فەرموودەیەکدا پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: ((لَا سَمَرَ إِلَّا لِمُصَلٍّ أَوْ مُسَافِرٍ))[١٥٥]. واتە: (دانیشتن و قسەکردن لەدوای خەونتان تەنها، بۆ کەسێک دروستە کە نوێژ دەکات، یان بۆ کەسێک کە لە سەفەرە)، کەواتە دانیشتن و مانەوە لەدوای نوێژی عیشا کارێکی ناپەسەندە و پێغەمبەری خوا ﷺ نەهی لێکردووە.

٦. بە چپە قسەکردنی دوو کەس کاتێك سێیەم ئامادە بێت:

بەچرپە قسەکردنی دوو کەس لە مەجلیسێکدا یاخود کاتێک سێ کەس لە شوێنێک بەیەکەوە دادەنیشن و دووانیان بەچرپە قسە دەکەن، یەکێکی تر لە نەهی لێکراوەکان، ئیبن عومەر ﷺ دەفەرموێت:

(١٥٤) أخرجه: البخاري (٥٦٨).

(١٥٥) أخرجه: أحمد (٤٢٤٤) وقال محققوه: حديث حسن ، وصححه الشيخ الألباني في (سلسلة الأحاديث الصحيحة) (٣٠٢٥).

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: ((إِذَا كُنْتُمْ ثَلَاثَةً فَلَا يَتَنَاجَى اثْنَانِ دُونَ الثَّالِثِ إِلَّا بِإِذْنِهِ، فَإِنَّ ذَلِكَ يُحْزِنُهُ))[١٥٦]. واتە: (ئەگەر سێ کەس بوون ئەوا با دوانتان بەیەکەوە چپە چپ نەکەن، چونکە ئەو کارە کەسی سێیەم دڵگران دەکات).

٧. قاچکردنە سەرقاچ لەکاتی پاڵکەوتن لەسەر پشت:

ئەبو سەعیدی خودری ﷺ دەفەرموێت: ((نهى أَنْ يَضَعَ الرَّجُلُ إِحْدَى رِجْلَيْهِ عَلَى الأُخْرَى وَهُوَ مُسْتَلْقٍ عَلَى ظَهْرِهِ))[١٥٧]. واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ نەهی کردووە لە قاچکردنە سەرقاچ لەکاتی پاڵکەوتن لەسەر پشت. (چونکە دەبێتە هۆی دەرکەوتنی عەورەت لەو کاتەدا).

(١٥٦) أخرجه: أحمد (٦٣٣٨) وقال محققوه: إسناده صحيح على شرط الشيخين، وعبد الرزاق (مصنف) (١٩٨٠٦)، ومن طريقه أخرجه البغوي (شرح السنة) (٣٥١٠).

(١٥٧) أخرجه: مسلم (٢٠٩٩)، والترمذي (٢٧٦٧)، والنسائي في (السنن الكبرى) (٩٧٥١)، وأحمد (١٤٧٧٠)، وأبو داود (٤٨٦٥) واللفظ له.

کۆمەڵێك لە نەهی لێکراوەکان لە چەند بواریێکی گشتیدا

١. کۆکردنەوەی ناوی موحەمەد لەگەڵ نازناوی ئەبوقاسم:

ئەبو هورێرە ﷺ دەفەرموێت: ((نَهَى أَنْ يَجْمَعَ أَحَدٌ بَيْنَ اسْمِهِ وَكُنْيَتِهِ، وَيُسَمِّيَ مُحَمَّدًا أَبَا القَاسِمِ))[١٥٨]. واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ نەهی کردووە لەوەی پیاو ناوی موحەدمەد بێت وە نازناوی ئەبو قاسم بێت. چونکە ئەوە تایبەتە بەخۆی.

٢. قورئان بردن بۆ خاکی دوژمن:

ئیبنو عومەر ﷺ دەفەرموێت: ((نَهَى أَنْ يُسَافِرَ بِالْقُرْآنِ إِلَى أَرْضِ الْعَدُوِّ))[١٥٩]. واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ نەهی کردووە لەوەی قورئان ببرێت بۆ ناو خاکی دوژمن. دیارە بۆ ئەوەی نەسوتێنرێت یاخود بێ رێزی پێنەکردێت.

٣. موجادەلەکردن لەقورئاندا:

ئەبو سەعیدی خودری ﷺ دەفەرموێت: ((نَهَى عَنِ الْجِدَالِ فِي الْقُرْآنِ))[١٦٠]. واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ نەهی کردووە لە موجادەلەکردن

---

(١٥٨) أخرجه: البخاري (الأدب المفرد) (٨٤٤)، والترمذي (٢٨٤١)، وابن حبان (٥٨١٤) و (٥٨١٧).

(١٥٩) أخرجه: البخاري (٢٨٢٨)، و البزار (٥٥٨٩).

(١٦٠) أخرجه: السجزي كما في (الكنز) (٢٨١٩)، وحسنه الألباني في صحيح الجامع (٦٨٧٣)، وصححه في (الصحيحة) (٢٤١٩).

لەقورئاندا. واتە بەکارهێنانی ئایەت بۆ پوچەڵ کرنەوەی ئایەتی تر.

٤. ناوی سەرکەوتوو سودبەخش وەقازانجکار و ئاسانکار:

سەمورە ﷺ دەفەرمووێت: ((نَهى صلى الله عليه وسلم أَنْ يُسَمَّى أَرْبَعَةَ أَسْمَاءٍ: أَفْلَحَ وَيَسَاراً وَنَافِعاً وَرَبَاحاً))[١٦١]. واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ نەهی کردووە ئەو چوار ناوە بەکار بهێنێرێت: _سەرکەوتوو، سودبەخش، قازانجکار، ئاسانکار.

٥. هەڵکەندنی موی سپی لەسەروپێش:

هاوەڵی پایە بەرز عەبدوڵڵای کوڕی عەمر ﷺ دەفەرمووێت: ((نَهَى عَنْ نَتْفِ الشَّيْبِ))[١٦٢]. واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ نەهی کردووە لە هەڵکەندنی مووی سپی.

لەفەرموودیەکی تردا پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمووێت: ((لَا تَنْتِفُوا الشَّيْبَ، فَإِنَّهُ نُورُ الْمُسْلِمِ))[١٦٣] واتە: (موی سپی هەڵمەکەنن، چونکە نور و ڕووناکی موسوڵمانە). هەروەها دەفەرمووێت: ((لا تنتفوا الشَّيبَ؛ فإنه نورٌ يومَ القيامةِ، من شاب شيبةً ؛ كتب اللهُ له بها حسنةً، وحطَّ

---

(١٦١) أخرجه: أحمد (٢٠١٣٨) وقال محققوه: إسناده صحيح، وأبوداود (٤٩٥٩)، وصححه الشيخ الألباني في (الصحيحة) (٢٤١٩)، و(صحيح الجامع) (٦٨٧٣).

(١٦٢) أخرجه: الترمذي (٢٨٢١)، والنسائي (السنن الكبرى) (٩٢٨٥) وصححه الشيخ الألباني في (صحيح الجامع) (٦٩٨١)، و (المشكاة) (٤٤٥٨).

(١٦٣) أخرجه: أحمد (٢٠١٨٦) وقال محققوه: إسناده صحيح لغيره، وصححه الشيخ الألباني في (صحيح الجامع الصغير) (٢٦٧٣).

عنه بها خطيئةً، ورفع له بها درجةً))[١٦٤]. واتە: موسی سپی هەڵمەکەنن ئەوە نور و رووناکیە لە رۆژی قیامەتدا هەر کەسێك تاڵەموویەکی لەموسوڵمانبووندا سپی کردبێت خودای گەورە بەهەر تاڵە موویەکی سپی چاکەیەکی بۆ دەنوسێت وە گوناهیکی بۆ دەسڕێتەوە و پلەیەك بەهۆیەوە بەرزی دەکاتەوە.

٦. هەڵگرتنەوەی شوتومەکی بەزربووی حاجیك

عەبدوڕەحمانی کوڕی عوسمان ﷺ دەفەرموێت: ((نَهَى عَنْ لُقْطَةِ الحَاجِّ))[١٦٥]. واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ نەهی کردووە لە هەڵگرتنەوەی شتومەکی حاجی مەگەر بۆیەکێك کە بیەوێت بیداتەوە خاوەنەکەی.

٧. خاڵ کوتان وتاتۆکردن:

ئەبوهوڕەیرە ﷺ دەفەرموێت: ((نَهى عَنِ الوَشْمِ))[١٦٦]. واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ نەهی کردووە لەخاڵ کوتان.

٨. بەردهاویشتن بە پەنجە:

عەبدوڵڵای کوڕی موغەفەل ﷺ پیاوێکی بینی بەردی بەپەنجەکانی دەهاویشت پێی فەرموو: ((لاَ تَخْذِفْ، فَإِنَّ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ

---

(١٦٤) أخرجه: المنذري (الترغيب والترهيب) و صححه الشيخ الألباني في (صحيح الترغيب) (٢٠٩٦) وقال حديث حسن صحيح.

(١٦٥) أخرجه: مسلم (١٧٢٤)، والبيهقي (السنن الصغير) (٢٢٦٥).

(١٦٦) أخرجه: البخاري (٥٧٤٠)، وابن حبان (صحيح ابن حبان) (٥٥٠٣)، والبغوي (شرح السنة) (٣١٩٠).

وَسَلَّمَ نَهَى عَنِ الخَذْفِ، أَوْ كَانَ يَكْرَهُ الخَذْفَ وَقَالَ: « لاَ يُصَادُ بِهِ صَيْدٌ وَلاَ يُنْكَى بِهِ عَدُوٌّ، وَلَكِنَّهَا قَدْ تَكْسِرُ السِّنَّ، وَتَفْقَأُ العَيْنَ »))[١٦٧].

واتە: (بەرد بەپەنجەکانت مەهاوێژە، لەبەرئەوەی پێغەمبەری خوا ﷺ نەهی کردووە لە بەرد هاویشتن بەپەنجەکان، یاخود بەرد هاویشتنی بە پەنجەکان پێ ناخۆش بووە، وە فەرمووی ﷺ: ((نەدەتوانیت ڕاوی پێ بکەیت، نە دوژمنیشی پێ دەکوژرێت، بەڵام لەوانەیە ددانی پێ بشکێت یاخود چاوی پێ کوێر بێت)، واتا ئەو بەردەی کە بە پەنجە دەهاوێژرێت ئەگەر بەددانی کەسێک بکەوێت دەیشکێنێت یاخود ئەگەر بە چاوی کەسێک بکەوێت کوێر دەبێت.

٩. وێنە گرتن:

پێغەمبەری خوا ﷺ نەهی کردووە لە وێنە گرتن، وێنەگر لەڕۆژی قیامەتدا قورسترین سزا و عەزابی هەیە، پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: ((إِنَّ أَشَدَّ النَّاسِ عَذَابًا يَوْمَ الْقِيَامَةِ الْمُصَوِّرُونَ))[١٦٨]. واتە: (بەدڵنیایی قورسترین سزا لە ڕۆژی قیامەتدا بۆ وێنەگرەکانە)، مەبەست پێی لەدروستکردن و پەیکەر تاشینە.

١٠. هەڵواسینی وێنە:

دایکمان عائیشە ڕەزیاللەعنها دەفەرموێت: ((كَانَ لَنَا ثَوْبٌ فِيهِ تَصَاوِيرُ، فَجَعَلْتُهُ بَيْنَ يَدَيِ النَّبِيِّ - صلى الله عليه وسلم -، وَهُوَ يُصَلِّي فَنَهَانِي - أَوْ

(١٦٧) أخرجه: البخاري (٥٤٧٩).

(١٦٨) أخرجه: مسلم (٢١٠٩).

قَالَتْ: فَكَرِهَهُ))[١٦٩]. واتە: (پارچە قوماشێکمان هەبووە وێنەی تێدا بوو، منیش لەبەردەم پێغەمبەری خوا ﷺ هەڵمواسی کە نوێژی دەکرد، ئەویش نەهی لێم کرد، یان فەرمووی: حەزی پێی نەهات و پێی ناخۆش بوو).

١١. هەڵواسینی وێنە لەناو ماڵدا:

جابر کوڕی عەبدوڵڵا ﷺ دەفەرموێت:((إِنَّ النَّبِيَّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ نَهَى عَنِ الصُّوَرِ فِي الْبَيْتِ))[١٧٠]. واتە: (پێغەمبەری خوا ﷺ نەهی کردووە لە هەڵواسینی وێنە لەناو ماڵدا).

١٢. نەزرکردن:

هەرچەندە نەزرکردن لە شەرعدا رێگەپێداروە، بەڵام لەو کارانەشدا ناوی هاتووە کەوا نەهی لێکراون، ئیبن عومەر ﷺ دەفەرموێت: ((عَنِ النَّبِيِّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ أَنَّهُ نَهَى عَنِ النَّذْرِ، وَقَالَ: «إِنَّهُ لَا يَأْتِي بِخَيْرٍ، وَإِنَّمَا يُسْتَخْرَجُ بِهِ مِنَ الْبَخِيلِ»))[١٧١]. واتە: (پێغەمبەری خوا ﷺ نەهی کردووە لە نەزرکردن، وە پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: ((هیچ خێرێکی نیەو تەنها هەندێك چاکە و یارمەتیەکە لە چروك دەسەنرێت).

وە لەفەرموودەیەکی تردا ئەبوهوڕەیرە ﷺ بۆمان دەگێڕێتەوە

(١٦٩) أخرجه: الدارمي في (المسند) (٢٦٩٠)، والطحاوي (شرح معاني الآثار) (٦٩٣١)، و العيني (نخب الأفكار) (٤٦٦/١٣) وقال محققه: طريقه صحيح.

(١٧٠) أخرجه: ابن حبان (٥٨٤٤)، وصححه الشيخ الألباني في (سلسلة الأحاديث الصحيحة) (٤٢٤).

(١٧١) أخرجه: مسلم (١٦٣٩).

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: ((إِنَّ النَّذْرَ لَا يُقَرِّبُ مِنِ ابْنِ آدَمَ شَيْئًا لَمْ يَكُنِ اللهُ قَدَّرَهُ لَهُ، وَلَكِنِ النَّذْرُ يُوَافِقُ الْقَدَرَ، فَيُخْرَجُ بِذَلِكَ مِنَ الْبَخِيلِ مَا لَمْ يَكُنِ الْبَخِيلُ يُرِيدُ أَنْ يُخْرِجَ))[١٧٢]. واتە: (نەزر هیچ شتێک بۆ مرۆڤ نزیک ناکاتەوە ئەگەر خوای گەورە بۆی بریار نەدابێت، بەڵام هەندێك جار نەزر هاو کات دەبێت لەگەڵ قەدەر، وە بەهۆی نەزرەوە هەندێک شت لەدەستی بەخیل دێتە دەرەوە، ئەگەر ئەو نەزرە نەبوایە هیچ خێرێکی لەدەست نەدەهات).

١٣. گۆرانی وتن:

گۆرانی وتن یەکێکی تر لەو کارانەی کەوا پێغەمبەری خوا ﷺ نەهی لێکردووە، کەیسان کە مەولی موعاویە بووە دەفەرموێت: موعاویە وتاری بۆ خەڵکی دەدا فەرمووی: ((إِنَّ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ نَهَى عَنْ تِسْعٍ وَأَنَا أَنْهَى عَنْهُنَّ: عَنِ الْغِنَاءِ))[١٧٣]. واتە: (پێغەمبەری خوا ﷺ نەهی کردووە لە نۆ شت، وە منیش نەهی دەکەم لە ئێوە، لەوانیش نەهی کردووە لە گۆرانی وتن).

بەڵام ئاینی ئیسلام گرنگی بەهەست و دەرون دەدا ئەوەتا پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: ((لَيْسَ مِنَّا مَنْ لَمْ يَتَغَنَّ بِالْقُرْآنِ))[١٧٤]. واتە: (لە ئێمە نیە ئەوەی بەدەنگەوە قورئان نەخوێنێت).

(١٧٢) أخرجه: مسلم (١٦٤٠).

(١٧٣) أخرجه: الطبراني في (المعجم الكبير) (٨٧٧).

(١٧٤) أخرجه: البخاري (٧٥٢٧).

وە لە فەرموودەیەکی تردا ئەفەرمویّت: ((مَا أَذِنَ اللَّهُ لِشَيْءٍ مَا أَذِنَ لِنَبِيٍّ حَسَنِ الصَّوْتِ بِالقُرْآنِ يَجْهَرُ بِهِ))[١٧٥]. واتە: (خودا رِیّگەی شتیّك نەداوە بەهیّندە ئەوەی کە رِیّگەی داوە بە پیّغەمبەریّکی دەنگخۆش کە قورئان بەدەنگی بەرزی و خۆت بڕازیّنیّتەوە).

١٤. تالّانکردنی مالّی خەلّکی، ئەتك کردن:

عەبدوللّای کوڕی یەزید ﷺ دەفەرمویّت: ((أَنَّهُ نَهَى عَنِ النُّهْبَةِ وَالمُثْلَةِ[١٧٦]))[١٧٧]. واتە: (پیّغەمبەری خوا ﷺ نەهی کردووە لە بەتالّان بردنی مالّی خەلّکی، هەورەها نەهی کردووە لەئەتک کردنی مرۆڤ وئاژەلّ).

١٥. مانەوە لەمالّیّك بەتەنها، وە سەفەرکردن بەتەنها:

ئیبن عومەر خوای گەورە لە خۆی و باوکی رازی بیّت دەفەرمویّت: ((أَنَّ النَّبِيَّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ نَهَى عَنِ الْوَحْدَةِ، أَنْ يَبِيتَ الرَّجُلُ وَحْدَهُ أَوْ يُسَافِرَ وَحْدَهُ))[١٧٨]. واتە: (پیّغەمبەری خوا ﷺ نەهی کردووە لە

---

(١٧٥) أخرجه: البخاري (٧٥٤٤).

(١٧٦) المُثْلَة: بریتییە لە سزایەک بۆ تاوانبار وەکو بڕینی گوێ و لوت، یان کوێرکردنی چاو وە هاوشێوەی ئەوانە، کە ئەمەش دڵڕەقی و بێ بەزەیی تێدایە، ئەمە رِیّگە پێنەدراوە ئیلا مەگەر کەسێک بەهۆی تاوانێکەوە قصاصی لەسەر جێ بەجێ بکرێت.

(١٧٧) أخرجه: البخاري (٥٥١٦).

(١٧٨) أخرجه: البخاري (٢٩٩٨) بنحوه، وأحمد (٥٦٥٠) واللفظ له وقال محققوه: صحيح دون النهي عن أن يبيت الرجل وحده، وهي زيادة شاذة، فقد تفرد بها أبو عبيدة الحداد -وهو عبد الواحد بن واصل، ثقة من رجال البخاري، والنسائي في (السنن الكبرى) (٨٨٥٠)، وابن ماجه (٣٧٦٨) بنحوه.

تەنهایی، مانەوەی کەسێک بە تەنها لەماڵێکدا، یان سەفەرکردن بە تەنها).

١٦. سەرچاککردن بەشێوازی حەفرکردن:

یەکێکی تر لەو کارانەی کەوا پێغەمبەری خوا ﷺ نەهی لێکردووە بریتییە لە سەر چاککردن بەشێوازێک کەوا نیوەی قژی بتراشێت و نیوەکەی تریش بهێڵێتەوە، ئیبن عومەر ﷺ دەفەرموێت: ((أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ نَهَى عَنِ القَزَعِ))[١٧٩]. واتە: (پێغەمبەری خوا ﷺ نەهی کردووە لە سەرچاککردن بەشێوازێک کە نیوەی بتراشێت و نیوەکەی تریش بهێڵێتەوە).

١٧. پەردەپۆشکردنی دیوار:

ئیمامی عەلی کوڕی حوسەین ﷺ دەفەرموێت: ((نهى أَنْ تستترَ الْجُدُرُ))[١٨٠]. واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ نەهی کردووە لەوەی کەدیوار پەردەپۆش بەکەین وەك کەعبە.

١٨. لەسێدارەدانی مرۆڤ لەپێش چاوی خەڵکیدا:

جابر ﷺ دەفەرموێت: ((نَهى رسول الله صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ أَنْ يُقتل شيء مِن الدَّواب صَبْرًا ينهى عن قتل الصبر))[١٨١]. واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ نەهی کردووە مرۆڤ لەپێش چاوی خەڵکیدا لەسێدارە بدرێت.

(١٧٩) أخرجه: البخاري (٥٩٢١).

(١٨٠) أخرجه: البيهقي (١٤٩٨٣)، و صححه الشيخ الألباني في (الصحيحة) (٢٣٨٤).

(١٨١) أخرجه: مسلم (١٩٥٩).

١٩. شمشێر بەبێ کیف بدرێتە دەستی خەڵکی:

جابر ﷺ دەفەرموێت: ((أَنَّ النَّبِيَّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ نَهَى أَنْ يُتَعَاطَى السَّيْفُ مَسْلُولاً))[١٨٢]. واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ نەهی کردووە لەوەی شمشێر بەبێ کیف یاخود چەك بەبێ زامنکردن بدرێتە دەستی خەڵکی. واتە نەبادا خەڵك پێ بریندار بیت یان بکوژرێت بەهەڵە.(بەڵام بۆ ڕۆژگاری ئەمڕۆ هەموو چەکێك دەگرێتەوە کەبێ زامن کرد درێتە دەست کەسی بەرامبەر یان هەر شتێکی تیژ بێت پێویستە بەئاگادارییەوە هەڵسوکەوتی لەگەڵ بکەین بۆ ئەوەی زیان نەگەیەنێت بەکەس.

٢٠. لێدان لە دەم وچاو و داخ کردن:

پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: ((إِذَا ضَرَبَ أَحَدُكُمْ فَلْيَتَجَنَّبِ الْوَجْهَ))[١٨٣]. واتە: (ئەگەر لە کەسێکتان دا ئەوا لە دەم و چاوی مەدەن).

لە لێکۆڵینەوەیەکدا دەرکەوتووە لێدانی بەردەوام بۆ دەم و چاو مەترسی هەیە ببێتە هۆی نەخۆشی دەمارو نەخۆشی (ئەلزەهایمەر) کە فرمانەکانی مێشك ئەوەستێنێ، لەبەر ئەوە پێغەمبەر درودی خوای لەسەر بێت هیچ وتەیەکی بێ حیکمەت نەبووە. لەفەرموودەیەکی تردا

(١٨٢) أخرجه: أحمد (١٤٨٨٦) وقال محققوه: إسناده من جهة أبي الزبير صحيح على شرط مسلم، وأبو داود (٢٥٨٨)، وصححه الشيخ الألباني في (المشكاة) (٣٥٢٧)، و (صحيح الجامع) (٦٨١٩).

(١٨٣) أخرجه: أحمد (٧٤٢٠) وقال محققوه: إسناده صحيح، وحسنه الشيخ الألباني في (صحيح الجامع الصغير) (٦٧٤).

جابر ﷺ دەفەرموێت: ((نَهَى رَسولُ اللهِ صَلَّى اللَّهُ عليه وَسَلَّمَ، عَنِ الضَّرْبِ في الوَجْهِ، وَعَنِ الوَسْمِ في الوَجْهِ))[١٨٤]. واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ نەهی کردووە لەلێدان وپیاکێشان و داخکردنی دەم و چاوی مرۆڤ و ئاژەڵ.

٢١. ڕێکردن بە یەک تاک نەعل ـ پێڵاو وە لەبەرکردنی جلێک کەوا قۆڵەکانی کەوتبێتە ژێرەوە:

پێغەمبەری خوا ﷺ نەهی و قەدەغەی کردووە، بەیەک تاک نەعل ـ پێڵاو ـ ڕێگە بکەیت، واتە تاکە نەعلێکت لەپێدا بێت و تاکەکەی تر پێ خاوس بیت، جابر ﷺ دەفەرموێت: ((نهى أن يَمشِيَ في نَعلٍ واحِدَةٍ، وأَن يَشتَمِلَ الصَّمّاءَ))[١٨٥]. واتە: (پێغەمبەری خوا ﷺ نەهی کردووە لەوەی بەیەک تاک نەعل بەڕێگەیدا بڕۆیت بکەیت، یاخود جلێک لەبەر بکەیت کەوا قۆڵەکانی لەژێرەوەن و دەستی نایەتە دەرەوە)، وە (وأَن يَشتَمِلَ الصَّمّاءَ) ئەویش جۆرە جلێکە کەوا قۆڵەکانی لەناوەوەن دەستەکان تیایدا نایەتە دەرەوە، واتا دەستەکانی لەژێر جلەکانیەتی.

٢٢. پێڵاو لەێکردن بەپێوە:

ئەنەس ﷺ دەفەرموێت: ((نهى أنْ يَنْتَعِلَ الرجلُ قائمًا))[١٨٦] پێغەمبەری خوا ﷺ نەهی کردووە لەوەی پێڵاو بەپێوە لەپێ بکرێت. واتە

(١٨٤) أخرجه: مسلم (٢١١٦).
(١٨٥) أخرجه: مسلم (٢٠٩٩).
(١٨٦) أخرجه: أبو داود (٤١٣٥)، وصححه الشيخ الألباني في (الصحيحة) (٧١٩)، و(صحيح الجامع) (٦٨٤٨).

نەباد ئەوپێڵاوە مارو دوپشك و خشۆکەکان چوبنە ناوی ومرۆڤەکە توشی گەستن و زیان ببێت یاخودا ئەو پێڵاوانە دەگرێتەوە کە بەدانیشتنەوە نەبێت لە پێ ناکرێت.

٢٣.خەوتن لەسەرسك:

خەوتن لەسەر سک لەو کارانەی کەوا نەهی لێکراوە، ئەبو هورەیرە ﷺ دەفەرموێت: ((أَنَّ النَّبِيَّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ رَأَى رَجُلاً مُضْطَجِعًا عَلَى بَطْنِهِ، فَقَالَ: ((إِنَّ هَذِهِ ضِجْعَةٌ لاَ يُحِبُّهَا اللهُ))[١٨٧] واتە: (پێغەمبەری خوا ﷺ پیاوێکی بینی لەسەر سک پاڵکەوتبوو، فەرمووی: خوای گەورە حەزی بەو پاڵکەوتنە نییە).

٢٤. خەوتن لەسەربانێك کەوا ستارە و محاجەرەی نەبێت:

جابر ﷺ دەفەرموێت: ((نَهَى رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ أَنْ يَنَامَ الرَّجُلُ عَلَى سَطْحٍ لَيْسَ بِمَحْجُورٍ عَلَيْهِ))[١٨٨]. واتە: (پێغەمبەری خوا ﷺ نەهی کردووە لەخەوتن لەسەربانێک کەوا ستارەی نییە)، زانایان لە ڕاڤەی ئەم فەرموودەیەدا دەفەرموون: ئەمەش بۆ ئەوەیە کاتێک کەسێک دەخەوێت ئاگای لەخۆی نامێنێت لەوەیە لەسەر جێگاکەی تەپاوتل بدات و بکەوێتە خوارەوە.

---

(١٨٧) أخرجه: أحمد (٨٠٢٨) وقال محققوه: إسناده صحيح، وصححه الشيخ الألباني في (مشكاة المصابيح) (٤٧١٨).

(١٨٨) أخرجه: الترمذي (٢٨٥٤) وقال حديث غريب وصححه الشيخ الألباني في (الصحيحة) (٨٢٨)، و (صحيح الجامع) (٦٨٤٧).

سەرچاوەکان

١- اتحاف الخيرة المهرة / الامام أحمد بن ابي بكر البوصيري / ت: عادل سعد مع السعيد بن محمد / مكتبة الرشيد الرياض / ط ١/ ١٤١٩ هـ.

٢- الأحاديث المختارة أو المستخرج من الأحاديث المختارة مما لم يخرجه البخاري ومسلم في صحيحيهما/ ضياء الدين أبو عبد الله محمد بن عبد الواحد المقدسي (ت ٦٤٣ هـ)/دراسة وتحقيق: الدكتور عبد الملك بن عبد الله بن دهيش/ دار خضر للطباعة والنشر والتوزيع، بيروت - لبنان/الطبعة: الثالثة، ١٤٢٠ هـ - ٢٠٠٠ م

٣- أحكام الجنائز وبدعها / الشيخ ناصر الدين الألباني/ المكتب الإسلامي / دمشق / الطبعة الجديدة/مكتبة المعارف /الرياض.

٤- أخبار مكة في قديم الدهر وحديثه/أبو عبد الله محمد بن إسحاق بن العباس الفاكهي المكي (من علماء القرن الثالث الهجري)/ دراسة وتحقيق: عبد الملك بن عبد الله بن دهيش/توزيع: مكتبة الاسدي، مكة المكرمة/الطبعة: الرابعة، ١٤٢٤ هـ - ٢٠٠٣ م.

٥- الأدب المفرد / الإمام محمد بن إسماعيل البخاري / تحقيق: محمد فؤاد عبدالباقي/ المطبعة السلفية ـ القاهرة.

٦- إرواء الغليل / الشيخ محمد ناصرالدين الألباني / المكتب الإسلامي / بيروت / الطبعة الأولى / ١٩٧٩م.

٧- أسباب النزول / الإمام أبي الحسن علي بن أحمد الواحدي النيسابوري / عالم الكتب / بيروت / ١٣١٦هـ.

٨- تأريخ بغداد / أحمد بن علي الخطيب البغدادي/ تصحيح: محمد سعيد عطية / مطبعة السعادة / مصر.

٩- تأريخ دمشق / ابي القاسم علي ابن الحسين ابن عساكر / تحقيق: شكر الله بن نعمة الله/ الطبعة الأولى / ٩٤٠٢هـ / مؤسسة الرسالة / بيروت.

١٠- تاريخ المدينة لابن شبة/ عمر بن شبة (واسمه زيد) بن عبيدة بن ريطة النميري البصري، أبو زيد (ت ٢٦٢هـ)/حققه: فهيم محمد شلتوت/طبع على نفقة: السيد حبيب محمود أحمد جدة/ عام النشر: ١٣٩٩ هـ

١١- ترتيب صحيح الجامع / عوني نعيم شريف /مكتبة المعارف ـ الرياض/ الطبعة الأولى ١٩٨٧ م

١٢- الترغيب والترهيب /الحافظ عبدالعظيم المنذري /تحقيق: محمد محي الدين عبد الحميد / المكتبة التجارية ـ القاهرة، الطبعة الأولى /١٩٦٢ /مع طبعة.

١٣- الترهيب و الترغيب / الحافظ اسماعيل بن محمد بن الفضل الاصفهاني / تحقيق: ايمن بن صالح بن شعبان / دار الحديث / القاهرة / الطبعة الاولى / ١٩٩٣م.

١٤- حلية الأولياء وطبقات الأصفياء/ أبو نعيم أحمد بن عبد الله

الأصبهاني (ت ٤٣٠ هـ)/ مطبعة السعادة - بجوار محافظة مصر/ ١٣٩٤ هـ - ١٩٧٤ م

١٥- سنن إبن ماجة / الإمام محمد بن يزيد بن ماجة القزويني(٢٠٩-٢٧٣هـ) / تحقيق: محمد فؤاد عبدالباقي / دار الجيل ـ بيروت.

١٦- سنن أبي داود / الإمام أبي داود بن سليمان بن الأشعث السجستاني / تحقيق: محمد محي الدين عبدالحميد / دار احياء التراث الإسلامي ـ بيروت.

١٧- سنن الترمذي / الإمام يحيى بن محمد بن عيسى الترمذي / تحقيق: أحمد شاكر ـ إبراهيم عطوة ـ محمد فؤاد عبدالباقي / دار احياء التراث العربي ـ بيروت.

١٨- سنن الدارقطني / الإمام على بن عمر الدارقطني / تحقيق: مجدي بن منصور بن السيد / الطبعة الأولى ـ ١٩٩٦ م / مع طبعة: مكتبة المثنى ـ القاهرة.

١٩- سنن الدارمي / الإمام عبدالله بن عبدالرحمن الدارمي / تحقيق: محمد أحمد الدهقان / دار احياء السنة النبوية / مع طبعة: دار الكتب العلمية ـ بيروت / الطبعة الأولى /١٩٩٦. وطبعة: دار المغني / الرياض/ت:حسين سليم أسد/ الطبعة الأول/٢٠٠٠م.

٢٠- السنن الصغرى / أحمد بن حسين البيهقي / تحقيق: بهجة يوسف / طبعة وزارة الاوقاف / العراق/ سلسلة احياء التراث الاسلامي.

٢١- السنن الكبرى / الإمام أحمد بن حسين البيهقي (٣٨٤-٤٥٨هـ) / حيداباد ـ الدكن / الطبعة الأولى / ١٣٥٢هـ مع طبعة: دار الفكر ـ بيروت / الطبعة الأولى / ١٩٩٦ م. وطبعة: مركز هجر للبحوث/ القاهرة/ت: عبدالله بن عبد المحسن التركي/ الطبعة الول/ ٢٠١١م.

٢٢- السنن الكبرى / الإمام أحمد بن شعيب النسائي / تحقيق: عبدالغفار سليمان البزاري ـ سيد كسروى حسن / دار الكتب العلمية ـ بيروت / الطبعة الأولى ١٩٩١ م.

٢٣- سنن النسائي / الإمام أحمد بن شعيب النسائي / دار الكتاب العربي /بيروت / الطبعة الأولى/١٩٣٠ م.

٢٤- شرح إعتقاد أصول أهل السنة والجماعة / الإمام هبة الله إبن الحسن الطبري اللالكائى / تحقيق: د. أحمد بن سعيد الغامدي / دار طيبة للنشر ـ الرياض / الطبعة الخامسة / ١٤١٨هـ.

٢٥- شرح السنة / الإمام حسين بن مسعود البغوي / تحقيق: شعيب الأرنؤوط ـ زهير الشاويس / المكتب الإسلامي ـ بيروت / الطبعة الثانية/ ١٩٨٣م.

٢٦- شعب الإيمان / الإمام أحمد بن حسين البيهقي (٣٨٤-٤٥٨هـ) / تحقيق: محمد سعيد زغلول / دار الكتب العلمية ـ بيروت / الطبعة الأولى / ١٤١٠ هـ. مع طبعة: مكتبة الرشد/ الرياض/ ت: د.عبدالعلي عبدالحميد/ ط٢/ ٢٠٠٤م.

٢٧- شرح مشكل الآثار/ أبو جعفر أحمد بن محمد بن سلامة بن عبد الملك بن سلمة الأزدي الحجري المصري المعروف بالطحاوي (ت ٣٢١هـ)/تحقيق: شعيب الأرنؤوط/ مؤسسة الرسالة/الطبعة: الأولى - ١٤١٥ هـ، ١٤٩٤ م

٢٨- صحيح إبن حبان / بترتيب ابن بلبان / الحافظ محمد بن حبان الثبتي / تحقيق: الشيخ شعيب الأرنؤوط / مؤسسة الرسالة /بيروت / الطبعة الثانية / ١٩٩٣ م.

٢٩- صحيح البخاري / الإمام محمد بن إسماعيل البخاري / المطبعة السلفية / الطبعة الثانية / ١٤٠٧هـ.

٣٠- صحيح الترغيب والترهيب / الشيخ محمد ناصرالدين الألباني/ المكتب الإسلامي ـ بيروت / الطبعة الأولى / ١٤٠٢ هـ.

٣١- صحيح الجامع / الشيخ محمد ناصرالدين الألباني / المكتب الإسلامي ـ بيروت / الطبعة الثانية / ١٩٨٦ م.

٣٢- صحيح سنن إبن ماجة / الشيخ محمد ناصرالدين الألباني / مكتبة التربية العربية لدول الخليج / الطبعة الأولى/ ١٩٨٦ م، ١٤٠٧ هـ.

٣٣- صحيح سنن أبي داود /الشيخ محمد ناصرالدين الألباني / مكتبة التربية العربية لدول الخليج / الطبعة الأولى/ ١٤٠٩ هـ.

٣٤- صحيح سنن الترمذى / الشيخ محمد ناصرالدين الألباني / مكتبة التربية العربية لدول الخليج / الطبعة الأولى/ ١٩٨٨ م.

٣٥- صحيح سنن النسائي / الشيخ محمد ناصرالدين الألباني / مكتبة التربية العربية لدول الخليج / الطبعة الأولى/ ١٤٠٩ هـ.

٣٦- صحيح مسلم / الإمام مسلم بن الحجاج النيسابورى (٢٠٤-٢٦١هـ) / تحقيق: محمد فؤاد عبد الباقى / دار احياء الكتب العلمية ـ بيروت / الطبعة الأولى / ١٣٧٤ هـ.

٣٧- صحيح إبن خزيمة / الإمام محمد بن إسحاق إبن خزيمة / تحقيق: د. محمد مصطفى الأعظمي/ المكتب الإسلامي ـ بيروت / الطبعة الأولى/ ١٩٧٢ م.مع طبعة/ مؤسسة الريان/ بيروت/ ت: محمد ناصر الدين الألباني/ الطبعة الأول/ ٢٠٠٧م.

٣٨- غاية المرام في تخريج أحاديث الحلال والحرام/ محمد ناصر الدين الألباني (ت ١٤٢٠ هـ)/ المكتب الإسلامي /بيروت/الطبعة: الثالثة - ١٤٠٥

٣٩- فتح الباري شرح صحيح البخاري / الحافظ أحمد بن حجر العسقلاني / مراجعة: الشيخ إبن باز ـ محب الدين خطيب ـ محمد فؤاد عبدالباقي / دار الكتب العلمية /بيروت / الطبعة الأولى/ ١٩٨٩ م.

٤٠- القاموس المحيط / العلامة محمد بن يعقوب الفيروز آبادي / أعداد: محمد المرعشلي / دار

٤١- الكلم الطيب / شيخ الإسلام تقي الدين أحمد بن عبد الحليم بن تيمية / تحقيق: الشيخ محمد ناصر الدين الألباني / المكتب

الأسلامي / بيروت / الطبعة الخامسة / ١٩٨٥م.

٤٢- اللآلي الموضوعة في الأحاديث الموضوعة / الحافظ جلال الدين عبد الرحمن السيوطي / دار المعرفة / بيروت / الطبعة الثالثة/ ١٩٨١م.

٤٣- المجروحون من المحدثين و الضعفاء و المتروكين / الإمام إبن حبان البستى / تحقيق: محمود إبراهيم زايد / دار الوعي / حلب / الطبعة الأولى / ١٣٩٦هـ.

٤٤- مجمع الزوائد ومنبع الفوائد / الحافظ علي بن أبي بكر الهيثمي/ دار الكتاب / بيروت / الطبعة الثانية/ ١٩٦٧ / مع طبعة: بغية الرائد /تحقيق: عبدالله محمد الدرويش / دار الفكر /١٩٩٤ م.

٤٥- مجموعة الرسائل و المسائل / ابن تيمية / دار الكتب العلمية / بيروت /الطبعة الاولى / ١٩٨٣م.

٤٦- المحلى بالآثار/أبو محمد علي بن أحمد بن سعيد بن حزم الأندلسي [الظاهري]

٤٧- المحقق: عبدالغفار سليمان البنداري/ دار الفكر - بيروت / الطبعة: بدون طبعة وبدون تاريخ.

٤٨- مختار الصحاح / محمد بن أبي بكر الرازي / مؤسسة علوم القران / بيروت / ١٤٠٦ هـ.

٤٩- المراسيل/المؤلف: أبو داود سليمان بن الأشعث بن إسحاق بن بشير بن شداد بن عمرو الأزدي السِّجِسْتاني (ت ٢٧٥هـ)/

المحقق: شعيب الأرناؤوط/الناشر: مؤسسة الرسالة / بيروت/ الطبعة: الأولى، ١٤٠٨.

٥٠- المستدرك على الصحيحين / الحافظ أبي عبدالله الحاكم النيسابورى(ت:٤٠٥هـ)//مع طبعة:دار المعرفة/تحقيق:عبدالسلام علوشى / بيروت

٥١- المسند / الحافظ احمد بن علي بن المثنى التميمي المشهور بـ (أبويعلى الموصلي) / تحقيق: حسن سليم أحمد / دار المامون للتراث / دمشق / الطبعة الاولى / ١٩٨٤.

٥٢- المسند / الحافظ عبد الله بن الزبير / الحميدي / تحقق: حبيب الرحمن الأعظمي / دار الكتب العلمية / بيروت / الطبعة الأولى / ١٩٨٨م.

٥٣- مسند الإمام أحمد / الإمام أحمد بن حنبل الشيباني / تصحيح: محمد زهري الغمراوي / دار الفكر /بيروت / الطبعة الثانية / ١٣٩٨ هـ. مع طبعة: دائرة المعارف / ١٩٧٤/تحقيق: أحمد محمد شاكر /مع طبعة: مؤسسة الرسالة /بيروت / الطبعة الأولى/ ١٩٩٨ / تحقيق: شعيب الأرنؤوط.

٥٤- مسند البزار ((كشف الأستار عن زوائد البزار)) / الحافظ نورالدين علي بن بكر الهيثمي / تحقيق: حبيب الرحمن الأعظمي / مؤسسة الرسالة / بيروت / ١٩٨٥ م.

٥٥- مسند الطيالسي / الأمام أبي داود الطيالسي / تحقيق: عبد

الرحمن البنا الساعاتي / المكتبة الإسلامية / بيروت / الطبعة الثانية/ ١٤٠٠هـ. مع طبعة: هجر للطباعة/ القاهرة/ ت: محمد المحسن التركي/ الطبعة الأول/١٩٩٩م.

٥٦- مسند الطيالسي / الإمام أبي داود الطيالسي / تحقيق: عبدالرحمن إبن الساعاتي / المكتبة الإسلامية /بيروت / الطبعة الثانية /١٤٠٠ هـ.

٥٧- مشكاة المصابيح / الخطيب التبريزي / تحقيق: الشيخ محمد ناصر الدين الألباني / المكتب الإسلامي / بيروت / الطبعة الأولى/ ١٩٦١م.

٥٨- مشكاة المصابيح / الخطيب التبريزي / تحقيق: الشيخ محمد ناصرالدين الألباني / المكتب الإسلامي /بيروت / الطبعة الأولى/ ١٩٦١ م.

٥٩- المصنف / ابن أبي شيبة /تحقيق: محمد عوامة/ دار القبلة / الجدة/ الطبعة الأولى / ٢٠٠٦م.

٦٠- المصنف / الحافظ أبي بكر عبدالرزاق بن همام / تحقيق: حبيب الرحمن الأعظمي / المكتب الإسلامي ـ بيروت / الطبعة الثانية / ١٩٨٣ هـ.

٦١- المصنف في الأحاديث والآثار / الحافظ أبي بكر إبن أبي شيبة/ تحقيق:عبدالخالق الأفغاني / الدار السلفية ـ الهند / ١٩٧٩ م. مع طبعة: دار القبلة/ جدة/ ت: محمد عوامة/ الطبعة الأول/ ٢٠٠٦م.

٦٢- المعجم الأوسط/ الحافظ أبي القاسم سليمان بن أحمد الطبراني / تحقيق:محمد الطحان / مكتبة المعارف ـ الرياض. مع طبعة: دار الفكر/ عمان/ ت: محمد حسن الشافعي/ الطبعة الأول/ ١٩٩٩م.

٦٣- المعجم الصغير / الحافظ أبي القاسم سليمان بن أحمد الطبراني / تحقيق:عبدالرحمن محمد عثمان / المكتبة السلفية ـ المدينة /١٣٨٨ هـ.

٦٤- المعجم الكبير / الحافظ أبي القاسم سليمان بن أحمد الطبراني/ تحقيق: حمدي عبدالمجيد السلفي / مكتبة الزهراء ـ الموصل / الطبعة الثانية / ١٩٨٥ /.

٦٥- (الجعديات) مسند ابن الجعد/ ابي الحسن بن الجعد الجوهري/ ت: عبدالمهدي عبد الهادي/ مكتبة الفلاح/ الكويت/ الطبعة الأولى/ ١٤٠٥هـ.

٦٦- مسند الدارمي/ الحافظ ابن أبي الدنيا/ المكتبة العصرية/ بيروت/ الطبعة الأولى/ ٢٠٠٦م.

٦٧- معرفة السنن والآثار/ أحمد بن الحسين بن علي بن موسى الخُسْرَوْجِردي الخراساني، أبو بكر البيهقي (ت ٤٥٨ هـ)/المحقق: عبد المعطي أمين قلعجي/الناشرون: جامعة الدراسات الإسلامية (كراتشي - باكستان)، دار قتيبة (دمشق -بيروت)، دار الوعي (حلب - دمشق)، دار الوفاء (المنصورة - القاهرة)/الطبعة: الأولى،

١٤١٢هـ - ١٩٩١م.

٦٨- نخب الأفكار في تنقيح مباني الأخبار في شرح معاني الآثار/ أبو محمد محمود بن أحمد بن موسى بن أحمد بن حسين الغيتابى الحنفى بدر الدين العينى (ت ٨٥٥هـ)/المحقق: أبو تميم ياسر بن إبراهيم/ وزارة الأوقاف والشؤون الإسلامية / قطر/الطبعة: الأولى، ١٤٢٩ هـ - ٢٠٠٨ م

ناوەڕۆک

پێشەکی	٥
نەهی کراوەکان لە خواردن و خواردنەوە و میواندارێدا	٨
دووەم: نەهی کراوەکانی سەرئاو (قضاء الحاجة)	١٦
نەهی کراوەکانی نوێژ و دەست نوێژ	١٩
نەهی کراوەکانی مزگەوت	٢٦
نەهی لێکراوەکانی تایبەت بە ڕۆژوو	٣٠
نەهی کراوەکانی ماتەم و تەعزیەباری و گۆڕستان	٣٣
نەهی کراوەکانی بواری ئاژەڵ و گیانلەبەران	٣٨
نەهی کراوەکانی بواری ئافرەتان و خێزان	٤٢
نەهی لێکراوەکانی بواری کشتوکاڵ و باخداری	٤٩
نەهی لێکراوەکانی بواری کڕین و فرۆشتن	٥٣
نەهی لێکراوەکانی بواری ڕوقیە و چارسەر	٦٠
نەهی لێکراوەکانی بواری کۆڕ و مەجلیس و دانیشتنەکان	٦٣

کۆمەڵێك لە نەهی لێکراوەکان لە چەند بوارێکی گشتیدا	٦٩
سەرچاوەکان	٨٠
ناوەرۆك	٩١

بەرهەمە چاپکراوەکانی مامۆستا محمدی ملافائق

١. ژیانی پێغەمبەری خوا ﷺ لە قورئان و سوننەتدا / لەسێ بەرگ پێکهاتووە

٢. أ-مردن و ژیانی ناو گۆڕ لە قورئان و فەرموودە صەحیحەکاندا.

٣. ب-قیامەت لە قورئان و فەرموودە صەحیحەکاندا.

٤. ج-بەهەشت لە قورئان و فەرموودە صەحیحەکاندا.

٥. د-دۆزەخ لە قورئان و فەرموودە صەحیحەکاندا.

٦. نیشانەکانی دووڕوو لە قورئان و فەرموودە صەحیحەکاندا.

٧. زواج لە قورئان و فەرموودە صەحیحەکاندا.

٨. ئارامگرتن لە قورئان و فەرموودە صەحیحەکاندا.

٩. خۆبەزلزانین و خۆبەکەمزانین لە قورئان و فەرموودە صەحیحەکاندا.

١٠. مافەکانی دراوسێ لە قورئان و فەرموودە صەحیحەکاندا.

١١. ئەو گوفتارو ڕەفتارانەی پێغەمبەری خودا ﷺ خۆشی ویستون و ڕقی لێیان بووە.

١٢. نیشانەکانی حەجی وەرگیراو

١٣. ئامۆژگاریەکانی حەجی مالئاوایی

١٤. ئادابەکانی قوربانی.

١٥. ئادابەکانی کۆڕو دانیشتن

١٦. باشترین کارەکانی موسوڵمانان کامەیە.

١٧. چۆنیەتی ئەنجامدانی عومرە باشترین کارەکانی موسولمانان کامەیە.

١٨. گەورەیی دووشارە پیرۆزەکە (مەککە ومەدینە)

١٩. ئاکارو رەفتارو هەڵسوکەوتەکانی پێغەمبەر ﷺ.

٢٠. حەوتم ئاداب و سودەکانی.

٢١. کلیلەکانی رزق لەقورئان وفەرموودەصحیحەکاندا.

٢٢. قەدەغەکراوە لەناو فەرموودەصەحیحەکاندا.

٢٣. خەرمانەی ژین - دوو بەرگە

٢٤. سوننەتە فەرامۆشکراوەکان.

١. السيرة النبوية في القران والسنة.

٢. الموت و حياة البرزخ في القران و السنة الصحيحة

٣. أنباء القيامة في القران و السنة الصحيحة.

٤. الجهنم في القران و السنةالصحيحة.

٥. الجنة في القران و السنة الصحيحة.

٦. الزاواج في القران و السنة الصحيحة

٧. علامات المنافقين في القران و السنة و أقوال التابعين.

٨. الصبر في القران و السنة الصحيحة.

٩. الكبر والتواضع في القران و السنة الصحيحة.

لە ڕاستیدا گرنگبدان بە پەیامی یەکتاپەرستی و بیروباوەر لە سەر ڕاستە ڕێگای قورئان و سوننەت لە گرنگترین یاساکانن و لە هەموشیان پێویستترن. خوای گەورە پێغەمبەری (ﷺ) ناردوە بۆ هەموو خەڵکی سەر زەوی کە بیێتە پێشەواو سەرمەشق بۆیان.

بێگومان خوێندن و زانینی ئەوانەی پێغەمبەری ئازیز ﷺ قەدەغەی کردوون دەتوانرێت بوترێت بەکێک لەو بابەتە گرنگانەی کە پێویستە موسوڵمانان بیزانن. چونکە خودای گەورە دەفەرموێت:

﴿ وَمَآ ءَاتَىٰكُمُ ٱلرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَىٰكُمْ عَنْهُ فَٱنتَهُوا۟ ۚ وَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ ۖ إِنَّ ٱللَّهَ شَدِيدُ ٱلْعِقَابِ ﴿٧﴾ ﴾ الحشر.

واتە: ئەوەی پێغەمبەرەکەتان فەرمای پێکردن بیکەن و ئەوەی قەدەغەی کرد لێتان لێوەش لێ دوور کەونەوە، لەخودا بترسن بێگومان سزای خودا زۆر بەهێزە بۆ ئەوانەی سەرپێچی فەرمانەکانی دەکەن.

وە ئەم بابەتە پێشکەشە بە هەموو موسوڵمانێك کە دەیەوێت ڕاستیەکان بزانێت، تەواو خۆی دوور بگرێت لە سەرجەم ئەو کارانەی کە پێغەمبەرەکەمان قەدەغەی کردووە.

وەرەنگیراوەکان